# کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا

## توێژینەوەیەکی مێژوویی زارەکییە

**کۆسرەت اکرم عولا [١] هۆشمەند علی محمود [٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، تیشک دەخاتە سەر ئەنفالی کۆیە و ناحیە و گوندەکانی، کە حکومەتی عێراق لە ٢٣ شوبات تا ٦ ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ شاڵاوەکانی ئەنفالی بە چەند قۆناغێک بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامداوە، لە ٣- ٧ ئایاری ١٩٨٨ لە چوارچێوەی شاڵاوی قۆناغی ئەنفالی چواردا، هەمو گوندەکانی قەزای کۆیە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون و لەگەڵ زەوی تەختکراون، هەندێک لە دانیشتوانی گوندەکانی (کڵێسە، گۆمەشین، کانی ڕەش)خەڵکەکەی لە گوندەکانی خۆیان دەستگیرکراون و کەوتونەتە بەرشاڵاوی ئەنفال، لە چوارچێوەی ئەنفالی کۆیە تاکە بەرگریی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی چیای سیتەغار بووە، کە نۆ پێشمەرگە کوژاون، لە ڕۆژی ٩ی ئایاری ١٩٨٨یشدا کۆیە وەک یەکەمین شار لە کوردستان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، خەڵکێکی زۆری هەمو گوندەکان کە پێشتر ڕوویان لە شارەکە کردووە، لە ئەنجامی پشکنینی گەڕەکەکانی کۆیە و ماڵی سەرۆك جاشەکان دەستگیرکراون، کە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە ناسراوە، ئەنفالکراوانی سنوری کۆیە لە چەند وێستگەیەک کۆکراونەتەوە، پاشان بردراون بۆ توپزاوای کەرکوک و لەوێشەوە ڕەوانەی نوگرە سەلمان کراون، لە ئەنجامی ئەنفالی سنوری کۆیە ٨٥١ کەس بێ سەر و شوێن کراون ، بەوهۆیەوە کێشەیەکی زۆری ئابوریی، کۆمەڵایەتی، دەرونی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستبووە، کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی هەرماون.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕەشبگیری، شەڕ، قۆناغی چوار، کۆیە، ئەنفال.

### ١. پێشەکی

#### ١.١ گرنگی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەنفالی کۆیە و زانیارییەکان بە شێوەیەکی زارەکی لەو کەسانە وەرگیراوە، کە لە ناو ڕوداوەکان بون، یان شایەدحاڵی ڕوداوەکانن.

#### ٢.١ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سی و چوار ساڵ بە سەر شاڵاوی ئەنفالی کۆیە تێپەڕیوە، ئەم مێژووە، بە شێوەیەکی زانستی نەنوسراوەتەوە، نەوەیەکی نوێ هاتون، زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی شاڵاوی ئەنفال نییە، جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە ناو ڕوداوەکان بون یان شایەدحاڵی ڕوداوەکانن تەمەنیان هەڵکشاوە، لەم ڕێگەیەوە هەم نەوەی نوێ ئاشنا دەبن بەم مێژووە، هەم ئەو مێژووەش دەنوسرێتەوە و لە فەوتان ڕزگاری دەبێت.

#### ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکەمان ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە: سنوری جوگرافی ئەنفالی چوار کۆیە؟ هۆکارەکانی چبون؟ ئەنفالی کۆیە کەی ڕویدا؟ ژمارەی ئەنفالکراوانی کۆیە و گوندەکانی چەندە؟ خەڵکەکە چۆن ئەنفال کران؟ ڕۆژی ڕەشبگیریەکەی ئەنفال لە کۆیە چ ڕۆژێکە و چی ڕویدا ؟ شەڕی چیای سیتەغار چییە؟ وێستگەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالکراونی کۆیە کامانەن؟

#### ٤.١ میتۆدی توێژینەوەکە

لە توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی گشتی پشت بە میتۆدی مێژوی زارەکی بەستراوە، وەک یەکێک لە لقە گرنگەکانی نوسینەوەی مێژو،هەروەها هەوڵدراوە لایەنە دیار و نادیارەکانی ئەم بابەتە بخرێتە ڕو لە سەر بنەمای میتۆدی مێژوویی – وەسفی – شیکاری بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی و بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعس.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٧ تەمووز ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ٩٢ ئەیلوول ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٣ حوزەیران ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kosrat.akram@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ کۆسرەت اکرم عولا، هۆشمەند علی محمود ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp59-78

### ٥.١ گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو گرفتانەی کە ڕوبەڕومان بونەوە، لە کاتی ئامادەکاری بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە، بریتبون لە: بەهۆی ئەوەی کە هەندێک لە کەسوکاری ئەنفالکراوان لە ڕوی تەمەنەوە تەمەنیان هەڵکشابو، ڕوداوەکانیان وەک خۆی لەبیر نەمابو، بۆیە لەوکاتەدا پێویستمان بە پرسیاری وردتر و پرسیاری یارمەتیدەر هەبو بۆ ئەوەی ڕوداوەکانیان بە هێواشی بێتەوە یاد، بە هۆکاری ئەوەی ئەنفال خۆی ڕوداوێکی خەمناکە، لە کاتی ئەنجامدانی هەر چاوپێکەوتنێک، کەسوکاری ئەنفالکراوان توشی خەم و خەفەت و گریان دەبونەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو ڕۆژە ناخۆشانەیان بیردەکەوتەوە ڕۆڵەکانیان گیراون و ئەنفالکراون، جگە لەوەی هەندێک لە کەسوکاری ئەنفالکراوان نەخۆشی دڵ و فشاری خوێنیان هەبو، بۆیە نەمانتوانی ڕاستەخۆ پرسیارەکانیان ئاڕاستە بکەین، ناچار بە شێوەی نوسراو پرسیارەکانمان ئاڕاستەکردن و بە شێوەی نوسراویش وەڵامی پرسیارەکانمان وەرگرتەوە.هەروەها گرفتێکی تری بەردەمی توێژینەوەکە ئەوەبو، ئەو سەرۆک جاش و فەرماندە و سەرکردە سەربازیانەی کە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالی چوار لە ناوچەکەدا بون، ڕازی نەبون کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەین و زانیاریان لێوەربگرین.

### ٦.١ گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەکەمان توێژینەوەیەکی زارەکییە، زیاتر پشتمان بە چاوپێکەوتنی مەیدانی بەستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سودمان لە چەندین سەرچاوەی بەپێز بینیوە، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانە کتێبەکەی میدڵ ئێست ووچ، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، کتێبێکی پڕ زانیارییە، دەربارەی شاڵاوەکانی ئەنفال بەشێوەیەکی ورد باسی قۆناغەکانی کردووە، لەڕێگای ئەو کتێبەوە گەیشتین بە کۆمەڵێک زانیاری کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر باس نەکراوە، هەروەها کتێبەکەی شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال و کورد و دەوڵەتی عێراق، بەهەمان شێوە کتێبێکە زانیاری بە سودی تێدایە، شرۆڤەی ڕوداوەکانی بەباشی کردووە، لە دوای ئەوە کتێبەکەی هۆمەر محەمەد، گەشتەکانی ئەنفالستان کە بە میتۆدی مێژوی زارەکی نوسراوە، کتێبێکی دانسقەیە ، کەس و کاری ئەنفالکراوان و دەربازبوانی ئەنفالی لە گشت ناوچەکانی کوردستان دواندوە و دیداری لەگەڵ ئەنجام داون، لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە ئاشنا بوین بە چیرۆکی چەندین کەس لە سنوری ئەنفالی کۆیە. جگە لەمانە سودێکی زۆریشمان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بینی وەک گۆڤاری ئەنفال، گۆڤاری جینۆساید، گۆڤاری شەهید، گۆڤاری ئەنفالستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و چەندان سەرچاوەی تر.

### ٧.١ پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام ، پێکهاتووە لە پێنج تەوەرە، لە تەوەری یەکەم باسی ئەنفالی قۆناغی چوار و هۆکارەکانیان کردووە، لە تەوەرەی دووەمدا باسی دەسپێکی پرۆسەی ئەنفالمان کردووە لە دەڤەری کۆیە، ڕۆشناییمان خستۆتە سەر گوندەکانی کلێسە، کانی ڕەش، گۆمەشین کە خەڵکەکە لە ناو ئەشکەوت و حەشارگەکانی گوندەکاندا گیراون، لە تەوەرەی سێیەمدا باسی بەرەنگاریی هێزی پێشمەرگەمان کردووە، لە شەڕی چیای سیتەغار، لە تەوەری چوارەمدا، باسی ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفالمان کردووە لە کۆیە، لە تەوەری پێنجەمیشدا، وێستگەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی سنوری کۆیەمان خستۆتەڕو، لەگەڵ چۆنیەتی مامەڵەی سەرباز و جاشەکان لەگەڵیاندا.

## ٢. ناساندنێکی گشتی قۆناغی چوارەمی ئەنفال و هۆکارەکانی (٣-٧ی ئایاری ١٩٨٨)

حکومەتی بەعس لە دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی سێی ئەنفال و سەرکەوتنی بەسەر سوپای ئێران و وەرگرتنەوەی نیمچە دورگەی فاو لە ١٨ نیسانی ١٩٨٨ ورەی سوپاکەی لەوپەڕی بەرزیدا بووە، پێداگیرتر بووە بۆ جێبەجێکردنی پلان و هێرشەکانی بۆ ئەنجامدانی قۆناغی چوارەمی ئەنفال (ڕەشید، ٢٠٠٩، ٦٤). ئەم قۆناغەی ئەنفال بە ئەنفالی ئاوگەی زێی بچوک ناسراوە، سنورە جوگرافییەکەی لە بناری شارۆچکەی دوکانەوە دەست پێدەکات، بە درێژایی ئەمبەر و ئەوبەری زێی بچوک شۆڕ دەبێتەوە تا پردێ، کە سنوری هەردو پارێزگای کەرکوک و هەولێر دابەش دەکات، واتە لە باکورەوە ڕێگای نێوان هەولێر و سەنتەری کۆیە، لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە دەریاچەی دوکان و دۆڵی خەلەکان، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ڕێگای کەرکوک، چەمچەماڵ، بازیان، پیرەمەگرون، لە باشوریش ڕێگای کەرکوکەوە تا پردێ، لە ڕۆژئاواش ڕێگای قوشتەپە – دێگەڵە تا (زنجیرە چیای کێشکە[1])، لە باکوری ڕۆژئاواش بە تەریبی لەگەڵ ڕێگای قوشتەپە - دێگەڵە درێژ دەبێتەوە لەگەڵ بەرزاییەکانی چیای بنەباوێ تا دۆڵی خەلەکان (حەمەدەمین، ٢٠١٩،١٢٠)، واتە قۆناغی چوارەمی ئەنفال سنوری[2] چەندین شار و شارۆچکە و گوندی گەورە و ئاوەدانی گرتۆتەوە وەک: چەمچەماڵ، تەکیە، ئاغجەلەر، قەڵاسێوکە، عەسکەر، گۆپتەپە، کۆتەڵ، تەقتەق، قوشتەپە، کۆیە، دێگەڵە، پردێ، شوان، دوکان، سورداش و خەلەکان (محەمەد،٢٠١٣، ٣٣١)، بەمشێوەیە ئەو ناوچانەی کەوتونەتە ناو سنوری شاڵاوی قۆناغی ئەنفالی چوار ڕوبەرەکەی نزیکەی ٣٩٨٥ کم٢ بووە، بەڵام ڕوبەری ئەو شارۆچکە و گوندانەی بە پراکتیکی کەوتونەتە بەر شاڵاوەکە ٢٥٤٨کم٢، کە دەکاتە ٦٤% ڕێژەی ناوچەکە (حەمەدەمین، ٢٠١٩، ١٢١). لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفال، گرنگی شوێنە جوگرافیەکەیەتی لە ڕوی سیاسی و سەربازیی و ئابورییەوە، چونکە ناوچەکانی ئەنفالی چوار هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک) دەگرێتەوە، بۆیە حکومەتی بەعس بیری لەوە کردبۆوە، ئەگەر ئەو ناوچانە هەمو کاولبکات و خەڵکەکەی ئەنفال بکات، هیچ پەناگەیەک نامێنێت بۆ پێشمەرگە تا ڕوی تێبکەن، تەنها دۆڵی خۆشناوەتی و قەندیل نەبێت (ڕەسوڵ، ٢٠٠٣، ١٠٧)، چونکە گوندەکانی دەڤەری زێی بچوک، بە ئەمبەر و ئەوبەری زێ، شوێنێکی گرنگی سیاسی و سەربازی بون، بۆ شۆڕشی نوێ و بزوتنەوەی چەکداری لە باشوری کوردستاندا، چونکە کەم خانەوادە هەبووە، لەو دەڤەرە کەسێکیان پێشمەرگە نەبێت، بە تایبەتی ناوچەکانی گۆپتەپە، عەسکەر، ئاغجەلەر و قەڵاسێوکە، گۆپتەپە هەر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە پێشمەرگەی تێدا بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ بنکەیەکی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێبووە، بە درێژایی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨یش پێشمەرگەیەکی زۆری لێبووە، لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە لایانداوە و نانیان خواردووە و هەواڵی تێکشکانەکانی هێزەکانی پێشمەرگەیان لە گەرمیان و قەرەداغ پێبووە (میدڵ ئیست ووچ،٢٠١٣، ٢٤٧-٢٤٨)، ئەوە جگە لە گوندەکانی ئەمبەری زێی بچوک بە تایبەت گوندەکانی بناری چیا وەک: کانی سور، ئیڵەڵا، کانی کوردە، قازبەگیان، حاجی قەڵا و شیوەشان، شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە و پەیداکردنی دەرمان و چارەسەرکردنی برینداراانی پێشمەرگە بووە، بە تایبەت گوندی کانی کوردە هەر لە زووەوە بنکەی تەندروستی شۆڕشی لێبووە، زۆربەی جاریش گەر برینی پێشمەرگە سەخت بوبێت، بە سواری

گوێدرێژ بەسەر چیادا گواستویانەتەوە بۆ خەڵەکان و لەوێشەوە بە نهێنی ڕەوانەی سلێمانیان کردووە، (اکرم عولا رسول[3]) ئاماژە بەوە دەکات "کە ماڵمان بریندارى پێشمەرگەی لێبووە، خزمەتمان کردون تا برینەکانیان سارێژ بووە و باری تەندروستییان جێگیر بووە " (رسول،٢٠٢٢). گوندەکانی قەراغ زێش بە درێژایی زێی بچوک ناوەندێکی گرنگبون بۆ حەوانەوە و خۆشاردنەوەی پێشمەرگە، بە تایبەتی گوندەکانی کڵێسە، بۆگد، کانیبی، ئەلیاسەسور، قزلۆ، گۆمەشین و کانی ڕەش بەردەوام پێشمەرگەی لێبووە، (ناصح عثمان سمایل[4]) ئاماژە بەوە دەکات " لە گوندی گۆمەشین چەمێک هەبووە، بە ناوی چەمی مام میرزای، ئەم چەمە ئەمبەر و ئەوبەری بە داری پەڵک داپۆشراو بووە، شوێنێکی زۆر گونجاو بووە بۆ پێشمەرگە، بە تایبەت پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە، کەلوپەل و چەکیان لێ دەشاردەوە، تەنانەت ئۆتۆمبیلیشان لێ ڕاگرتووە هیچ دیار نەبووە" (سمایل،٢٠٢٢).

ئەوە جگە لە بایەخە ئابورییەکەی ناوچەی ئەنفالی چوار، کە بە درێژایی کەناری زێی بچوک، ئەمبەر و ئەوبەری کشتوکاڵی لێکراوە و دو کۆنترین گوندی کشتوکاڵی لێیە، لە دوای گوندی بێستان سور، کە سەرەتای شارستانیەت لەوێوە سەریان هەڵداوە، ئەوانیش چەرمەۆ و چەمی ڕێزانن دو ناوی ناسراوی جیهانن کەوتونەتە ئەو دەڤەرەوە، سەرەڕای بونی ڕەزو باخ و زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی و دێمی و پوش و پاوەن و لەوەڕگا بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵدارییەکی بەرفراوان لەو ناوچەیەدا، لەگەڵ ئەمەشدا ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت، بە تایبەتی دەشتی کۆیە و نەوتی شیواشۆک (کێڵگەی نەوتی تەق تەق[5])ی لێیە (محەمەد،٢٠١٣،٣٣١ ؛ ڕەشید،٢٠٠٩، ٦٤) حکومەتی بەعس هەر لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠ وە نۆ گوندی بەهۆی بونی نەوت لەو ناوچەیە ڕاگواستووە، کە بریتی بونە لە گوندەکانی: تاڵەبانی گچکە، تاڵەبانی گەورە، مەرزانی خوارێ، مەرزانی کانی قەبران، شیواشۆکی گەورە، شیواشۆکی کوردان، داربەسەری خوارێ، داربەسەری سەرێ، سماقە، کە کۆی گشتی خێزانە ڕاگوێزراوەکانی گوندەکان بە نزیکەیی بریتی بونە لە ٥٣٣ خێزان (ئیلنجاغی،٣٢،٢٠٠٧)، ئەمانەش بونە هۆکارێکی گرنگ کە حکومەتی بەعس بیەوێت بنەما ئابورییەکانی ئەو ناوچەیە بشێوێنێت، چونکە بەهێزی ئابوری ئەو ناوچەیە واتە بەهێزی شۆڕشی کورد، کە ئەو سنورە وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، سنوری پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و کەرکوک) پێکەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش مەترسی بووە بۆ سەر نەوتی کەرکوک، کە شادەماری ئابوری عێراقە، بۆیە بە گرتنی ئەو ناوچانە پشتێنەیەکی ئەمنی بە دەوری ناوچە نەوتییەکان دروستدەکرد.

ئەم قۆناغەی ئەنفال بە سەرپەرشتی فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم بووە، ئەو یەکە سەربازییانەی بەشداری قۆناغی ئەنفالی چوارییشان کردووە، بریتی بونە لە :

١- فەرماندەی فەیلەقی یەک، کە پێکهاتبو لە چەند یەکەیەک (فرقەی پیادەی ئالی، فرقەی ٣٨، فرقەی پیادەی ٨، فرقەی پیادەی٢).

٢- هێزی نەسر بە فەرماندەیی عەمیدی روکن (خالد احمد ابراهیم) .

٣- هێزی ٤٦ بە فەرماندەیی عەمیدی روکن (عەلی احمد محمد).

٤- هێزی پاراستنی نەوت، بە فەرماندەیی عەمیدی روکن (بارق عبداللە حاجی حنته) (عەبدە،٢٠١٠، ٦٤).

٥- ئامرییەی فەیلەقی یەک بە سەرکردایەتی عەمیدی روکن (علاء محمد تەها).

٧- مەفرەزەکانی ئەمن و تەواری سلێمانی و کەرکوک.

٨-یەکە ئەندازەییەکان بۆ تێکدانی گوندەکان.

٩-یەکەی بەشی کیمیاوی.

١٠- هەواڵگری سەربازی.

١١- هێزی ئاسمانی و فڕۆکە سەربازییەکان (سلێمان، ٢٠١٥، ١١١).

١٢- مەفرەزەکانی جاش و مستەشارەکان کە ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە، لە ڕێنیشاندانی سوپا و وێرانکردنی گوندەکان.

دەسپێکی قۆناغی ئەنفالی چوار، لە ١٧ی مانگی ڕەمەزان لە ئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ نزیک خۆرئاوابون بە کیمیابارانکردنی گوندی عەسکەر و گۆپتەپە دەستپێکردووە، کە هەشت فڕۆکەی جۆری فیلاتۆز، سەرەتا گوندی عەسکەر و پاشان گوندی گۆپتەپەیان بۆمباران کردووە، دوکەڵی سپی و بۆنی نەعنا بە ئاسمانی ناوچەکە بڵاوبۆتەوە، لە ئەنجامدا نزیکەی (٣٠٠[6]) کەس گیانیان لە دەستداوە، بە بلدۆزەر لە لایەن کەسێکی خەڵکی گوندەکەوە تەرمەکانیان شاردراونەتەوە (میدڵ ئێست ووچ، ٢٠١٣، ٢٥٠؛ عەبدوڵا،٢٠١٣، ١٨-٢٤). لە ناو قوربانییان بە چەکی کیمیاوی لە گۆپتەپە، بنەماڵەی (هێمن محمد صالح [7]) تەمەن پانزدە ڕۆژ هەمو گیانیان لە دەستداوە، هێمن لە بنەماڵەی باوکی خۆی بە تاقانەیی ماوەتەوە، هۆکاری ڕزگاربونیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوکات لەگەڵ دایکی بە سەردان لە ماڵی باپیری بووە لە (گوندی کانی بی[8] )،هێمن دەڵێت: " بنەماڵەکەمان هەمو بەر کیمیاوی کەوتون و گیانیان لە دەستداوە، تەنها باوکم ڕزگاری بووە، ئەویش دواتر گیراوە و ئەنفال کراوە" (صالح،٢٠٢٢).

(هەوار قادر نامق[9]) یش یەکێکی ترە لە تاقانەکانی کیمیابارانی گۆپتەپە، کە ئەوکات لە ناو لانک بووە، بۆ ماوەی دو ڕۆژ لە ناو تەرمی شەهیدانی کیمیابارانەکە ماوەتەوە، پاشان کە جاشەکان دەبینن ئەو منداڵە زیندووە، جاشێک بە ناوی نەوزاد هەڵیدەگرێتەوە و لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ چەمچەماڵ، هەوار ملوانکەیەکی شینی لە ملدا بووە، کە پێشتر لە لایەن پورییەوە بە دیاری پێدراوە، دواتریش پوری هەر بەو ملوانکەیە دەیناسێتەوە، ئینجا پاش چارەسەری پزیشکی، هەوار ڕادەستی نەنک و باپیری دەکرێتەوە و لە شاری کۆیە لە لایەن ئەوانەوە بەخێو دەکرێت (نامق،٢٠٢٢ ؛ هەنارەیی، ٢٠١٦، ٤٧٤)، وە نەبێت زیانەکانی ئەو کیمیابارانە تەنها هەر بۆ گوندی عەسکەر و گۆپتەپە بو بێت، بەڵکو خەڵک لەمبەری زێی بچوکەوە هەستیان بە بۆنەکەی کردووە (عەلی عبداللە حمد [10]) کە خەڵکی گوندی کانی بی یە دەڵێت " ئێوارە بو، ئێمە لە گوندەکەی خۆمان لە کەناری زێ بەرامبەر گۆپتەپە، خەریکی کاری کشتوکاڵی بوین، بینیمان فڕۆکەکان بە نزمی بە ئاسمانی کەناری زێی بچوکدا هاتن، چونە گۆپتەپە، چەند بۆمبێکیان فڕێدایە خوارەوە دەنگێکی نزمیان لێوەهات، کە جیاوازتر بو لە جارەکانی پێشتر کە فڕۆکە دەهاتن، دواتر دوکەڵێکی سپی پەیدا بو، ئێمە هەستمان بە بۆنەکەی کرد، کە بۆنی دوکەڵی شقارتە و سێوی بۆگەنی لێدەهات، هەندێک کەس توشی ڕشانەوە و هەستیاری و سوربونەوە و ئازاری چاو هاتن، کە دواتر چارەسەری پزیشکییان بۆ کرا لە کۆیە" (حمد،٢٠٢٢)، هەروەها بە هۆی ئەو کیمیابارانەوە دو منداڵی خەڵکی گوندی بۆگد، کە تەمەنییان شەش ساڵان بووە، بە ناوەکانی (نەرمین جوهر عەزیز و نهرۆ کاکە عەزیز) گیانیان لە دەست داوە، (خاتون صابرسعید [11] ) کە دایکی نەرمین و (کاکە عەزیز مەحمود[12] ) کە باوکی نهرۆیە ئاماژەیان بەوە کرد" دو ڕۆژ پێش دەسپێکردنی ئەنفالی دەشتی کۆیە و کیمیابارانکردنی گۆپتەپە، هەواڵیان بۆ دێت گوندەکان دەگیرێن، ئەوان پێنج خانەوادە دەبن لە گوندی بۆگد بە کەڵەک لە زێی بچوک پەڕیونەتەوە چونەتە ئەشکەوتێک بە ناوی ئەشکەوتی (کونە کێو) لە بەری بۆڵقامیش، ئێوارەی کیمیابارانەکەی گۆپتەپە، لەو ئەشکەوتەدا بونە، بە کاریگەری ئەو کیمیابارانە ئەو دو منداڵەیان چاویان هەڵئاوساوە و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp59-78

تەندروستییان تێکچووە پاشتر گیانیان لە دەست داوە" (سعید ،٢٠٢٢؛ مەحمود،٢٠٢٢). حکومەتی بەعس هەنگاو بە هەنگاو بەرنامەکانی جێبەجێکردوە، لە سەرەتادا ئاوی بەنداوی دوکانی بەرداوەتەوە بە ڕێژەیەکی زۆر، بەمەش ئاوی زێی بچوک زۆر زیادی کردووە، کە ئەمەش وەک فێڵێک بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک ڕێگە لە پەڕینەوەی خەڵکەکە بگرێت (سالح،٢٠١١،٦٠) سەرەڕای ئەوەش ئێوارەی کیمیابارانکردنی گۆپتەپە بۆمبێکیشیان خستۆتە ناو زێیەکەوە، ئاوەکەیان ژەهراوی کردووە، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لەوبەری زێیەکەوەن، کاتێک لە ئاوەکە دەخۆنەوە، یان بە هانای خەڵکی گۆپتەپە بچن و لە ئاوەکە بپەڕنەوە ئەوانیش بکوژێت، ئەوە جگە لەوەی بەهۆی ئەو بۆمبەی کە خرابووە ناو زێیەکەوە، زیانێکی زۆر بە سامانی ئاژەڵی وەک ماسی کەوتووە و ماسیەکی زۆر لە زێی بچووک مردووە (ڕێبوار،٢٠١٢، ٨). سەرئەنجام لە ڕۆژی ٧ ئایاری ١٩٨٨ هێزەکانی حکومەتی عێراق، هەموو گوند و ئاواییەکی ناوچەکانی شێخ بزێنی سەرو و خوارو، شوان، قەڵاسێوکە، چەمی ڕێزان، سورقاوشان و دەشتی کۆیە یان گرتووە، هەرچی ڕەز و باخ و ڕەن و حاوییە هەیە تاڵان و وێرانیان کردووە، لە هەمان ڕۆژیشدا فەرماندەی فەیلەقی یەک، بروسکەیەکی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق ناردووە و (کۆتایی هێنانی ئەنفالی قۆناغی چواری[13]) ڕاگەیاندووە (ڕەسوڵ،٢٠٠٣، ١٠٧)، لە گوندەکانی گلناغاج، گرد خەبەر، جەلەمۆرد، قەسرۆک، مامشەو نزیکەی ١٥٠١ کەس گیراون (سالح،٢٠١١، ٦٢) تەنها لە گوندی جەلەمۆرد بە پێی پەرتوکی جەلەمۆرد لە ئامێزی خودادا نزیکەی ٤٠٠ کەس ئەنفالکراون، کە ناوی ٣٧٥ یان تۆمارکراوە و ئەوانی تریش یان کەسوکاریان هیچ نەماوە، یان ناوەکانیان نەزانراوە و تۆمار نەکراوە (فەرەج،٢٠١٢،٦٥)، لە گوندی گۆپتەپەش سکاڵاکارەکان لیستێکی ٥٠٠ کەسیان لە قوربانییەکانیان پێشکەش بە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کردووە، کە بێ سەر و شوێنکراون (منظمة حقوق الانسان، ٢٠٠٣،٢٢٨)، لە ئاکامی ئەنفالی چواردا، ژمارەی گوندە وێران کراوەکان گەیشتۆتە ٣٢١ گوند، بەوجۆرە: ناحیەی شوان ٦١ گوند، ناحیەی پردێ ٢٣ گوند، ئاغجەلەر ٧٥ گوند، سەنتەری قەزای کۆیە ٤٠ گوند، تەقتەق ٧٢ گوند، شۆڕش ٢٦ گوند، خەلەکان ٢٤ گوند (هەمەوەندی، 321،2008). دەربارەی ئاماری سەرجەم ئەنفالکراوانی ئەنفالی چوار بە شێوەیەکی گشتی لە سەرچاوەکان ژمارەی جیاواز باس کراوە مەلا شاخی لە کتێبی ئەنفالی خاڵخاڵان .. ئەنفالی چوار ناوی ئەنفالکراوانی زۆربەی گوندەکانی نوسیوە ئاماژەی بەوە کردووە " دەیان پێشمەرگە شەهید بون، هەروەها نزیکەی (١٠) هەزار کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، حەوت هەزار کەسیان لە بیابانەکانی خوارو و ناوەڕاستی عێراق بە کۆمەڵ لەناوبران" (مەلاشاخی، ١٩،٢٠٠٧)، یادگار عەبدوڵاش لە ماستەرنامەکەیدا ئاماری ئەنفالکراوانی قۆناغی چوارەمی خستۆتەڕوو، بە پێی شوێنەکان کۆی گشتی هەمویان گەیشتۆتە ٤١٦٧ کەس، کە لەو ژمارەیە ٢٨٥٤ کەسیان نێر و ١٣١٣ کەسیان مێ بونە وەک لەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت (هەمەوەندی، ١٠٨،٢٠٠٨).

| ز | شوێن | نێر | مێ | ژمارەی ئەنفالکراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قەڵاسێوکە – ئاغجەلەر | ٧٦٢ | ٢٨٧ | ١٠٤٩ |
| ٢ | دۆڵی سورداش- دوکان | ١١٦ | ٢٦ | ١٤٢ |
| ٣ | شوان | ٣٠٩ | ٧٦ | ٣٨٥ |
| ٤ | شێخ بزێنی سەروو | ٩٧٧ | ٦٨١ | ١٦٥٨ |
| ٥ | شێخ بزێنی خواروو | ٥٩ | ٣٣ | ٩٢ |
| ٦ | تەق و تەق و دەوروبەری | ١٥٣ | ٤٦ | ١٩٩ |
| ٧ | کۆیە و دەوربەری | ٤٧٨ | ١٦٤ | ٦٤٢ |
| کۆی گشتی | | ٢٨٥٤ | ١٣١٣ | ٤١٦٧ |

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەنفالی چوار، لە ڕوی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و مرۆیی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، چونکە بە کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە هیچ جێگایەک نەما پێشمەرگە و خەڵک بە ئاسانی تێیدا گوزەران بکەن، گوندەکان خاپور کراون، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش لەناوچون.

## ٣. دەسپێکی پرۆسەی ئەنفال لە دەشتی کۆیە و ئەنفالکردنی گوندەکانی (کلێسە، کانی ڕەش، گۆمەشین)

بەر لە دەسپێکی پرۆسەی ئەنفالی چوار، حکومەت بەردەوام ئاگاداری ئەو خەڵکانەی کردۆتەوە، کە لە گوندەکان ماون بۆ ئەوەی ڕو لە شارەکان بکەن، بەڵام خەڵکی گوندەکانی کۆیە لەو بڕوایەدانەبونە، کە حکومەتی بەعس ئەنفال و زیندە بە چاڵیان بکات، بەڵکو باوەڕیان وابووە حکومەت وەک پێشەی هەمیشەیی چەند ڕۆژێک دێت و دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە، هەروەها سودیشان لەو کەسانە نەبینیوە کە لە ئەنجامی ئەنفالکردنی قۆناغی سێی گەرمیان، ڕزگاریان بووە و هەڵاتون و لە زێی بچوک پەڕیونەتەوە و بە دەشتی کۆیەدا بۆ دەڤەری پشدەر و بیتوێن و لەوێشەوە بۆ خاکی ئێران کۆچیان کردووە، لەم ڕووەوە (حوسنی سابیر ڕەسوڵ[14]) کە خەڵکی گوندی کانی ڕەشە، ئاماژەی بەوە کرد : "هێشتا ئەنفالی دەشتی کۆیە دەستی پێنەکردبو، ژن و پیاو بە گوندەکەمان دا دەهاتن، نەماندەناسین، دەیانوت ئێوە چی دەکەن لێرە، ئێمە ئەنفالکراین، ئەوەی بە سەر ئێمەدا هاتووە، با بە سەر ئێوەدا نەیەت، ئامۆژگارییان دەکردین بڕۆینە شار، بەڵام ئێمە سودمان لە ئامۆژگارییەکانیان وەرنەگرت، ژنەکان زێڕەکانی خۆیان دەفرۆشت و لیان دەکڕینەوە، ئێمە لەو بڕوایەدا نەبوین، کە ئەنفال ئەمبەری زێی بچوک بگرێتەوە" (ڕەسوڵ ،٢٠٢٢). (حسێن عەلی ئەحمەد[15]) ئاماژەی بەوە کرد "وەک زەمەنی ئێستا نەبو ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی ئەوەندە بەهێز بێت و خەڵک هەواڵی ئەنفالکردنی قۆناغەکانی تر بزانێت، دوای ئەوەی کە خوێندن لە گوندەکان هەڵگیرا، من لە ساڵی ١٩٨٨ فەقێ بوم، لە ماڵی خوشکم لە کۆیە دەمخوێند، لە کۆیە ئەو هەواڵە بڵاوبۆوە، کە ئەمجارە حکومەت بە تەواوەتی گوندەکان تێک دەدات و قۆناغێکی سەخت بۆ دانیشتوانی گوندەکان بەڕێوەیە، بۆیە بەیانییەکی زو بڕیامدا بە تەنها بە ڕێگای لاچەپدا بڕۆم و خزم و کەسوکارەکەم ئاگاداربکەمەوە کە گوند جێبهێڵن و کۆچبکەن بەرەو شار، ئەوکات کە ئەم هەواڵە بڵاوبۆوە پێشمەرگە لە گوندەکان هەبون، پێشمەرگەیەک بە منی گوت ئەوە سیخوڕە بیگرن، ڕۆڵی پێشمەرگە ڕۆڵێکی خراپ بو، لەوەی کە گوندەکان چۆڵ نەکەن، چونکە بە چۆڵکردنی گوندەکان ژیانی پێشمەرگە دەکەوتە مەترسییەوە، خەڵکی گوندەکان خانەخوێی پێشمەرگە بون، خواردنیان پێدەدرا و لەوێ پشویان دەدا، بۆیە گەر هەواڵێکی لەوجۆرە هەبوبێت کە ئەنفال دەکرێن، لە خەڵکیان شاردۆتەوە و باسیان نەکردوە" (ئەحمەد،٢٠٢٢).

لەگەڵ دەسپێکی قۆناغی ئەنفالی چوار، دوای ئەوەی گۆپتەپە کیمیاباران کرا، لە ٣ی ئایاری١٩٨٨هەمان ئێوارە ئەو خەڵکەی کە لە گوندەکان مابونەوە، هەندێکیان خۆیان لە ئەشکەوت و شوێنە چۆڵەکان شاردۆتەوە، هەندێکی رویان لە شار و شارۆچکەکان کردووە، خەڵکی دەشتی کۆیە زۆرینە بۆ شاری کۆیە هاتون، بەشێکی تریشیان بە پێی نزیکیان رویان لە تەقتەق و دوکان کردووە، ئەوانەی کە بەرەو شاری کۆیە هاتون، هەندێکیان لە ڕاست گوندی (قەیسەری) لە لایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ڕێگریان لێکراوە بۆ ئەوەی نەچنە کۆیە، بۆیە بە ناچاری گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە بەهۆی

ڕێگرییەوە گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانیان، خەڵکی ئەم گوندانە بونە، گۆمەشین، کانی ڕەش، قزڵو، هەندێک لە خەڵکی کانی کوردە کە لە گوندی کانی ڕەش نیشتەجێبونە، لەمبارەیەوە (نەسرین ئەحمەد صالح [16])، کە خەڵکی گوندی گۆمەشینە، جەخت لەوە دەکاتەوە، " لە لایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، ڕێگریمان لێکراوە، بۆیە بە ناچاری گەڕاینەوە گوندەکەی خۆمان" (صالح،٢٠٢٢)، هەر لە بارەی ڕێگریکردنی پێشمەرگە لە خەڵکی گوندەکان، مەلا شاخی لەو کاتەدا خۆی پێشمەرگە بووە و لە ناو ڕوداوەکاندا بووە، لە پەرتوکی ئەنفالی خاڵخاڵان دا ئاماژە بەوە دەکات: " سەر لە بەیانی ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ لە بینای قوتابخانەی گوندی پەلکانە بوین، کۆبونەوەیەکمان سازدا، بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ و مەسەلەی خۆسازدان و بەرنامە دارشتن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنورەکەمان، لەو کۆبونەوەیەدا ڕەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا، چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کۆچبکەن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم؟ منیش لە وەڵامدا گوتم: بەڵێ پسولەم بۆ چەندین خێزان کردووە، ئێستاش پەشیمان نیم، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕێگا لە کەس بگرین، پێم باشە لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاربدرێ، هەڤاڵان بەسەر ناوچەکاندا دابەشببین، داوا لە خەڵکی بکەین هەر کێ دەستی چەک دەگرێ، ئامادەبی بەرگریی هەیە، با بە هێزی پێشمەرگەوە پەیوەستبێ ، کێش ناتوانێ با لەگەڵ ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتەکاندا بەخۆ بکەون و خۆیان ڕزگار بکەن" (مەلا شاخی، ٢٠٠٧،٢٦)، بە پێی وتەکانی مەلا شاخیش بێت ڕێگری لە خەڵک کراوە و خەڵک گێڕدراوەتەوە بۆ ئەوەی گوندەکان چۆڵ نەکەن، هەر لەمبارەیەوە شۆڕش حاجی ڕەسوڵ لە کتێبی ئەنفال و کورد و دەوڵەتی عێراق ئاماژە بەوە دەکات: " چەند فەرماندەیەکی ناوچەی قەڵاسێوکە و دەشتی کۆیە، ڕێگایان لە خەڵک گرت کە زو پێش دەسپێکردنی ئەنفال ناوچەکە چۆڵبکەن و بەرەو شارەکان برۆن، مەبەستەکانی ئەو فەرماندە ناوچەییانەی یەکێتی هەر شتێکبوو بێت، ئەوە بێگومان هەڵوێست و بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی نەبووە، سەرکردایەتی یەکێتی لە ئەنفالی یەکدا خۆیان داوایان لە خەڵک کرد برۆن، ڕەنگە مەبەستی ئەو فەرماندانە ئەوە بو بێت، یان زانیاری نەبرێت بۆ دوژمن، یان بۆ ئەوەی ورەی خەڵکی ناوچەکە دانەبەزێت، یاخود بیانکەن بە قەڵغانی پاراستنی خۆیان، بۆ هەر مەبەستێکیان بو بێت ئەو بڕیارە بووە مایەی تێداچونی سەدان کەس، کە ڕەنگە ئەگەر ڕێگەیان دابان، ئەوا نەکەوتنایەتە دەستی دوژمن" (ڕەسوڵ،٢٠٠٣،١٠٧).

هەر هەمان ئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ خەڵکێکی زۆری گوندەکانی دەشتی کۆیە بەڕێکەوتون بۆ شاری کۆیە، (بەدیعە سوارە صادق[17])، کە خەڵکی گوندی کانی بیبە، ئاماژە بەوە دەکات " ئەو ئێوارەی گۆپتەپە کیمابارانکرا، خەڵک هەمو بە تراکتۆر هاتن بۆ کۆیە، ژمارەی ئەو تراکتۆرانەی کە بەرەو کۆیە بەڕێوە بون ١٤ تا ١٨ تراکتۆر دەبون، کە بە زۆری پڕ بون لە ژن و منداڵ، خەڵکەکە زیاتر لە پێشەوە ژن و منداڵەکانیان بەرێ دەکرد و پیاوەکانیش لە ئەشکەوت و حەشارگەکان خۆیان دەشاردەوە، کاتێک گەیشتینە گوندی هەواوان لە لایەن بازگەی حکومەتی بەعسەوە، دەستگیرکراین، ئێمەیان برد بۆ ئامریە (قەڵای دیموکراتی ئێستا)، پاشان بۆ بەیانی کاتژمێر هەشت ٤ی ئایاری١٩٨٨ ئێمەیان گواستەوە بۆ توبزاوای کەرکوک (صادق:٢٠٢٢)، (عەلی عبدالله حمد) شایەتحاڵێکی تری ئەو ڕوداوەیە ئاماژە بەوە دەکات " ژمارەی تراکتۆرەکانی خەڵکی گوندەکان، کە خەڵکی زۆربەی گوندەکانی تێدا بوو ١٨ تراکتۆر بو، کاتێک گەیشتینە گوندی قەیسەری کۆمەڵێک جاش هاتنە سەر ڕێگامان گوتیان بۆ کوێ دەچن؟ گوتمان بۆ کۆیە دەچین، گوتیان ئەو جەیشە زۆرە نابینن لە ڕاست هەواوان؟ دەتانگرن، ئێمەش گوتمان لە کۆیەوە هەواڵ هاتووە کە گوندەکان بەجێبهێڵین، تازە هاتوین، لەوان ڕەت بوین کەوتینە ناو هێزێکی سەربازی، فەرماندەیەکی سەربازی بە کوردی قسەی دەکرد، هات گوتی" ڕاکردوی سەربازیتان لەگەڵە؟ گوتمان نەخێر، گوتی ئێمە ئەو بڕیارەمان پێیە هەر کەسێکی لە گوند و ناوچەی قەدەغەکراو بێت، ژن بێت منداڵ بێت دەیگرین، گوتمان ئەی ئێمە؟، گوتی ئێوە خۆتان هاتون جیاوازن، هەموتان دەگرین و دەتانبەینە ئامریە، پاشان حکومەت ئۆردوگاتان بۆ دەکاتەوە و دابەشتان دەکات بە سەریاندا، لە دوای ئەو (مام یەحیا [18]) هات، تراکتۆر بە تراکتۆر دەگەڕا دەیگوت " فیرار و موتەخەلیفتان پێیە"؟، ئەوەی پێیەتی بە ئۆتۆمبیلی خۆم ڕزگاری دەکەم، ئەگەر باوەڕیش بە من ناکەن هەر لێرە ڕەت بون بە ناو ئەو ڕەزانەی کۆیەدا هەڵبێن و خۆتان ڕزگار بکەن، هەندێک لە فیرار و موتەخەلیف لەگەڵ مام یەحیا ڕۆیشتن، هەندێکی تر بە ناو ڕەزەکاندا ڕۆیشتن و خۆیان شاردەوە، ئینجا زیلێکی سەربازیی پێشمانکەوت و بەرەو کۆیە بەڕێکەوتین، کاتێک کە گەیشتینە گەڕەکی ئازادی، چوار تراکتۆر لە کۆڵانی تەنیشت مزگەوتی ئازادی بە خێرایی لایان دا و خەڵکەکە چووە ناو ئەو ماڵانە و خۆیان شاردەوە، تراکتۆرەکانی تریشان برد بۆ ئامریە بۆ بەیانی ٤ ئایاری ١٩٨٨ ڕەوانەی توبزاوایان کرد بون (حمد ،٢٠٢٢)، ئەمە سەرەتای دەسپێکی ئەنفالی خەڵکی گوندەکانی دەشتی کۆیە بووە.

بۆ ڕۆژی دواتر لە٤ تا ٧ ئایاری ١٩٨٨/ سوپای عێراق لە چەندین قۆڵەوە دەستیکردووە بە پەلاماردانی سنوری جوگرافی ئەنفالی چوار، گوندەکانی قەزای کۆیەش لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالی چواردا، لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە چەندین قۆڵەوە، هێرشیان کراوەتە سەر وسوتێنراون و خاپور کراون بەوجۆرە:

**١.** لە کۆیەوە بەرەو هەواوانی سەرو، هەواوانی خوارو، مام مەحمودە، قەیسەری، ئەسکی کۆیە، قورەبەرازە، ئاودەلۆک، تیمارۆک، حاجی قەڵا، دۆندار، سورەقەڵا، بانەگوڵان، پێبازۆک، قەشقە، بانونیسکان- سوێرەڵە، شیوەشان، قوڵقوڵە (کەریم،٢٠٢٢).

**٢.** لە کۆیەوە بەرەو یارەمیش، شەوگێر، قۆریتان، پەلکانە، کفرەدۆڵ، بانمورتکان، باجەوان (حەبیب،٢٠٢٢)

**٣.** لە دوکانەوە بەرەو کەلکەسماق، کانی سور، ئیلەڵا، بۆگد، کلێسە، کێلەزیندانی سەرێ، کێلەزیندانی خوارێ، ئەلیاسەسور، کانی بی، کاولان، هەندێک لە ماڵەکانی گوندی چاڵاوی ئێستا، شیوی گۆمبی سەرێ و شیوی گۆمبی خوارێ (مەحمود،٢٠٢٢؛ عارف،٢٠٢٢).

**٤.** لەسەر چیای کەلکەسماقەوە، سەرچیا و سەرچیا لە لوتکەی شاخی (سەکۆژەوە) هاتونەتە خوارەوە بەرەو کانی کوردە، پاشان بەرەو داوداوا و قازبەگیان (ڕەسوڵ،٢٠٢٢).

**٥.** لە تەقتەقەوە بۆ کونەگورگ و باغەجنێر و گەرمک و بەرزاییەکانی تەکەڵتوو

**٦.** لە تەقتەقەوە بۆ چۆم حەیدەر، مخەرەس، باغەجنێر، مەلازیاد، ساتوقەڵا، کانی ڕەش، شیوەجان، کانی هەنجیر بە دەم زێ تا گۆمەشین، قزڵو، خرابە، قەسر.

**٧.** لە تەقتەقەوە بەرەو کانی لەلە و ئۆمەر گومبەت، سێکانی، شەیتان، جلبەسەر، قەشقە، خورخور، ئاوماڵ، بەردەسپی، سارتک و سێگردکان (چۆمحەیدەری،٢٠٢٢).

(کامەران بابان زادە [19])، کە خەڵکی گوندی کێلەزیندانە، ئاماژە بەوە دەکات" ئەنفالی خەڵکی گوندەکانی دەشتی کۆیە، خەڵکەکە لە گوندەکان نەگیراون، جگە لە خەڵکی

گوندەکانی کانی ڕەش، گۆمەشین، کلێسە، هەندێک خەڵکی قزلۆ و کانی بی و بۆگد نەبێت لە گوندەکان دەستگیر کراون، بەڵکو خەڵکی هەمو گوندەکان لە ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە لە ٩ ی ئایاری ١٩٨٨ دەستگیرکراون (بابان زادە،٢٠٢٢)، بەڵام زۆرترین خەڵک لە ناو گوندەکان ئەنفالکرابن لە گوندەکانی کلێسە، کانی ڕەش، گۆمەشینە چۆنیەتی ئەنفالکردنی ئەم گوندانەش بەو جۆرە بووە:

**١. ئەنفالکردنی خەڵکی گوندی کلێسە**

گوندی کلێسە کۆتا گوندە کەوتۆتە سەر کەناری زێی بچوک، لە ڕوی ئیدارییەوە، سەر بە ناحیەی ئاشتیە، هاوسنورە لەگەڵ هەریەک لە گوندەکانی بۆگد لە ڕۆژئاوا، کانی سور لە باکور، زێی بچوک لە باشور و جیاکەرەوەی کلێسەیە لەگەڵ سنوری بۆڵقامیش لەوبەری زێ (مەلاڕەسوڵ، ٢٠١٥، ٧٩)، کلێسە نزیک بە چوار سەدە بەر لە ئێستا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦٣٢ز ئاوەدان کراوەتەوە، دانیشتوانەکەی بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریکن، بەر لە پرۆسەی ئەنفال ژمارەی ماڵەکانی (٩٥) ماڵ بووە (محەمەد، ٢٠٠٤،٢٧٢). ئەو گوندە وەک هەمو گوندەکانی تری دەشتی کۆیە بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتوە، لەمبارەیەوە (نجم رضا محمد [20]) کلێسەیی ئاماژەی بەوە کرد " لە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٧، کە گوندەکان بون بە ناوچەی قەدەغەکراو، حکومەتی بەعس لەسەر شاخی کەڵکەسماق هێزێکی زۆری جێگیرکرد، لە هەر شوێنێک ئاوەدانی بدیتایە تۆپبارانی دەکرد، گوندی کلێسە چەندین جار تۆپبارانکرا، تەنانەت دو پرد لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە دروستکرا بون بۆ پەڕینەوە، بە کاریگەریی ئەو تۆپبارانە تێکچون، خەڵکی گوندی کلێسەش لەبەر سەلامەتی خۆیان گوندەکەیان چۆڵکرد، هەندێکی چونە بۆڵقامیش و قەڵایگان، هەندێکی چونە سورقاوشان و گوندی تەلان و گوندی سردی، هەندێکی تر چونە حاویە بۆ سەر ڕەز و باخەکانیان، هەندێکیشان چونە پێنگاو و دوئاوان و دمدم لە سەروی گوندەکە، خانویان بە نایلۆن و کەپر دروستکرد، کە شوێنێکی سەخت و نەدیو بو چەندین ئەشکەوتی قولی تێدایە بۆ خۆشاردنەوە" (محمد ،2022).

(حاکم صالح [21] ) کلێسەیی ئاماژە بەوە کرد" لە ئێوارەی ٣ئایاری ١٩٨٨کاتێک کیمیاوی لە گۆپتەپە و عەسکەر درا، بەهۆی ئەوەی شنەبای هاتووە، کاریگەریی لەسەر باری تەندروستی بەشێک لە خەڵکی کلێسە هەبووە، کە پێشتر چونەتە سنوری بۆڵقامیش و گۆپتەپە، بەو هۆیەوە توشی سوربونەوە و هەستیاریی چاو بون، لە هەمان شەو خەڵکی گوندی کلێسە ئەوانەی پێشتر بە سەر ناوچە جیاوازەکان دابەشببون، گەڕانەوە سنوری حەشارگەکانی گوندەکە، هەر ئەو شەوە بەشێکی زۆری خەڵکی گوندەکە پیاوەکان ژن و منداڵ و بە تەمەنەکانیان لە پێنگاوەوە بە سورقاوشان ڕەوانەی سنوری دوکان و سلێمانی کردووە بۆ ئەوەی دەسگیرنەکرێن، خۆشیان گەڕاونەتەوە ئەشکەوت و حەشارگەکانی پێنگاو، بەڵام بەیانی ٤ی ئایاری ١٩٨٨ کاتێک دەگەنە سەر ڕێگای قەشقۆڵی - دوکان – سلێمانی لەوێ هەموو دەستگیردەکرێن" (عەلی،٢٠٢٢)، (مەحمود رەسوڵ حەمەدەمین[22] ) ئاماژ بەوە دەکات " بەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەی گوندی کلێسە کەوتۆتە سێگۆشەی پارێزگای سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، لە ٤ی ئایاری ١٩٨٨ لە سێ قۆڵەوە هێرش کرایە سەر گوندەکەمان، قۆڵێکیان لە دوکانەوە بە کەناری زێی بچوک لە خواروی گوندی سارتکە و لە پانکە سپیەوە هاتون تا گەیشتونەتە پێنگاو و حەشارگەکانی گوندەکە، قولێکیان لە بەری قەڵاسێوکەوە، لە گوندی عەسکەرەوە بۆ شاخی زەنگەسورەی بەرامبەر کلێسە، کە بەشێکیان لە سورقاوشانەوە پەڕیونەتەوە لە هەنگەژاڵەوە چونەتە دوئاوان و دمدم، قۆڵێکیشیان لە بەری کۆیەوە بۆ ناو گوندی کلێسە (ڕەسوڵ:٢٠٢٢) ئەو قۆڵەی کە لەبەری کۆیەوە هاتووە لەسەر شاخی کەڵکەسماقەوە هاتۆتە خوارەوە سەرەتا گوندەکانی دەوروبەر وەک کانی سور، ئیلەڵا یان وێران کردووە، ئینجا ڕۆیشتون بۆ گوندی کلێسە" (محەمەد،٢٠٠٤،٢٧٤).

ئەو شوێن و ئەشکەوتانەی خەڵکی گوندەکە خۆیان تێدا حەشارداوە، بریتی بونە لە (پێنگاو، دمدم، ئەشکەوتی شیوەقوڵ، ئەشکەوتی هەنارە، ئەشکەوتی کونە کۆتر، زیانە زەوی، ئەشکەوتی خورنج، ئەشکەوتی عەلکە و چاڵە بروسکە) (محەمەد،٢٠٢٢؛ ڕەسوڵ،٢٠٢٢)کاتێک سوپای عێراق گەیشتۆتە گوندی کلێسە، شوێن بە شوێن حەشارگەکانی گوندەکەیان پشکنیوە، کۆپتەریش لە ئاسمانەوە بە نزمی و بەردەوام هاتوچۆی کردووە، کە دەگەنە پێنگاو هەندێک خەڵک دەستگیردەکەن، کە لە ناویاندا گەورە و بچوک و منداڵ هەبووە، تەنانەت دو پێشمەرگەش لەناو گیراوەکان هەبووە، هەموو ئەو کوخ و خانووە سەرەتایانەش، کە خەڵک بە نایلۆن و تەختە دروستیانکردووە سوتاندویانە و گوندەکەشیان لەگەڵ زەوی تەختکردووە (محەمەد،٢٠٠٤،٢٧٤)، ئەوانەشی کە لە کون و حەشارگە سەختەکانی گوندی کلێسە مابون، ئەوەندە خۆ ڕاناگرن و بە ناچاری چونەتە لای سەرۆک جاشێک بە ناوی سمایل ئاغای پشدەر لەگەڵ جێگرەکەی بە ناوی مەحمود ئاغا، کە ئەوکات لە گوندی سارتکەی نزیک دوکان بونە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لای خۆی دەیانهێڵێتەوە، پاشان پێیاندەڵێت من هیچی تر ناتوانم ڕاتانگرم لەبەرئەوەی چاودێریم لەسەرە و دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە، کە گوایە پێشمەرگەم لە ماڵەکەم ڕاگرتووە، بۆیە ڕێنماییان دەکات بۆ ئەوەی بچن بۆ سلێمانی یان بۆ ڕانیە، هەندێک لە خەڵکی کلێسە بەرەو ڕانیە و سلێمانی دەڕۆن (حەمەدەمین،٢٠٢٢)، بەشێکی تری خەڵکی کلێسە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە بەری بۆڵقامیش و قەڵاینگان بونە، لە ئەشکەوتێک لە بەری بۆڵقامیش بە ناوی عەلکە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ خۆیان دەشارنەوە، دواتر ئەوانیش چیتر خۆیان ڕاناگرن، پەیوەندی دەکەن بە سەرۆک جاشێک بە ناوی هۆمەر ئاغا لە نزیک حاویەی بۆگد (سەیرانگای یادی ئێستا) ئەو کەسانەی کە پەیوەندی بە هۆمەر ئاغاوە دەکەن هەر خەڵکی گوندی کلێسە نەبونە، بەڵکو نزیکەی (٧٠) کەس بون لە خەڵکی بۆگد، کلێسە، بۆڵقامیش، هەیدەربەگ، گۆپتەپە وعەسکەر، هەرچەندە هۆمەر ئاغا ڕەفتاری باش بووە لەگەڵیان خواردنی پێداون، سەرەتا ویستویەتی لای خۆی گلیانبداتەوە، بەڵام دواتر گوتویەتی" ئێوە لەو دەشتە هەر دەگیرێن، دەچم بۆ دوکان هەوڵێکتان بۆ بدەم لای سمایل ئاغا کە بتانگرێتە خۆی" بەڵام سمایل ئاغا گوتویەتی ناتوانم بیانگرمە خۆم ، بۆیە هۆمەر ئاغا دەڵێت دەچم بۆ لای (قاسم ئاغا[23])ی کۆیە، کە فەوجێکتان بۆ بکاتەوە، قاسم ئاغاش بەڵێن بە هۆمەر ئاغا دەدات، کاتێک هۆمەر ئاغا ئەو ٧٠ کەسانە دەبات بۆ لای قاسم ئاغا، قاسم ئاغا تەلەفۆنی بۆبارق عبداللە حنطە کردووە و دەڵێت" ئەوانە پێشمەرگەن" ڕادەستی کردون، تەنانەت لەسەر ئەو کارە نێوانی هۆمەر ئاغا و قاسم ئاغاش تێکچووە، بەوجۆرە هەندێک لە خەڵکی کلێسە لە کۆیە دەستگیر کراون (محەمەد،٢٠٢٢)، واتە خەڵکی گوندی کلێسە لە سێ شوێن گیراون، هەندێکیان لە کون و ئەشکەوت و حەشارگەکانی گوندەکە، هەندێکیان لە کۆیە، زۆرینەشیان لەسەر ڕێگای قەشقۆڵی (دوکان - سلێمانی). ڕۆڵی جاش لە گرتن و یارمەتیدانی خەڵکی گوندی کلێسە دوسەرە بووە، هەندێکیان لە حەشارگەکان خەڵکیان بینیوە و دەنگیان نەکردووە، هەندێکیشیان لە گرتن و وێرانکردن و بردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکەکە لە گوندەکە هاوشانی سوپای عێراق ڕۆڵێکی خراپیان بینیوە (عارف محەمەد عارف [24]) ئاماژە بەوە دەکات: " کەسێکی گوندەکە بە ناوی (حسێن صابر) کە بە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp59-78

مەلا حسێن بەناوبانگ بووە، کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بووە، لەو سەردەم کۆمەڵێک کتێبی باش و گرنگی هەبووە، کاتێک کە دەستگیریان کردووە لە یەکێک لە ئەشکەوتەکانی پێنگاو، کتێبەکانیشی پێبووە، جاشەکان لەسەر کتێبەکانی بە شەڕ هاتوون و چەکیان بەرامبەر بە یەکتری ڕاکێشاوە (عارف،٢٠٢٢) ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکومەتی بەعس تەنها ئامانجی لەناوبردنی تاکی کورد نەبووە، بەڵکو ویستویەتی بە دەستی کورد خۆی خوێندەوار لە ناوچەکەش نەهێڵێت. گرنگترین ئەو جاش و مستەشارانەی ڕۆڵیان لە گرتنی خەڵکی گوندی کڵێسە هەبووە، بایزی ئەحمەد ئاغای سێناجیان بووە، خاتون حەمید لە دیدارێکدا، کە لەگەڵ گۆڤاری ئەنفالستان ئەنجامیداوە ئاماژە بەوە دەکات" دوای ئەوەی کوڕەکەی بە ناوی ئازاد کریم سعید لەگەڵ چوار کەسی تر، لە کڵێسە دەستگیرکراون، بۆ ڕۆژی دواتر چووەتە لای بایز ئەحمەد ئاغا بۆ ئەوەی کوڕەکەی بۆ بەربدات، بەڵام ئەو لە وەڵامدا پێی وتوە: بەری نادەم، من خۆم خراپ ناکەم بۆ کوڕی تۆ، سبەینێ حکومەت لێم دەپێچێتەوە، ناوەڵا هەر کەسێک ببینم لەو چیایە دەیکوژم، ئەوەی بیگرم تەسلیمی حکومەتی دەکەمەوە، ئەوانە موخەریبن و چەکیان لە دژی حکومەت هەڵگرتووە، من بۆچی خۆم بۆ ئەوانە پیاو خراپ بکەم؟ من بۆیە بوم بە موستەشار بۆ چواری وەکو کوڕی ئێوە، مەرحەبایەکی سەدام بە ئێوە ناگۆڕمەوە" (محەمەد،٢٠٢١،١١٤) کڵێسە لە دوای گوندی گۆمەشین، زۆرترین ئەنفالکراوی هەیە، کە ژمارەی ئەنفالکراوانی (١٠٣) ئەنفالکراوە، جگە لەو کەسە بە تەمەنانەی کە بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتن و دواتر گەڕاونەتەوە، هەروەها هەندێک خەڵکی تری کڵێسەش هەیە لە گوندی کانی بی دانیشتون و لەگەڵ گوندی کڵێسە هەژمار نەکراون (حەمەدەمین،٢٠٢٢)، لە ناو ئەنفالکراوانی گوندی کڵێسە، خێزان هەیە هیچ کەسێکی دەرنەچووە و کۆتاییان پێهاتووە، خێزان هەیە یەک کەسی دەرچووە، هەروەها ٨ کەس بەهۆی گەورەیی تەمەنیان گەڕاونەتەوە و باسی دۆزەخی زیندانی نوگرەسەلمانیان بۆ کەسوکارەکانیان کردووە، کە حەجاج بەڕێوەبەری زیندانەکە چ ئازارێکی خەڵکی بێ گوناهی داوە، منداڵ و گەورە و بچوک چۆن لە برسان و لە تویێنان مردون و بونەتە خۆراکی لمی بیابان و سەگە ڕەشەکە تەرمەکانیانی هەڵداوەتەوە (عارف،٢٠٢٢).

(خەڵکی گوندی کڵێسە [25]) هەوڵی سۆراغی کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیشیان داوە، هەریەک لە حاجی مەجید کڵێسەیی، نەجم رضا محەمەد لە ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تری گوندەکانی تری (دەشتی کۆیە [26]) بە جلکی کوردی چونەتە دیوانی کۆشکی کۆماریی بۆ ئەوەی سەدام حسێن ببینن، بۆ ئەم مەبەستە داواکارییەکیان نوسیوە سەبارەت بە سۆراخی کەسوکارەکانیان، بەڵام سێ ئەفسەر لەوێ دانیشتون داواکارییەکەیان لێوەرگرتون گوتویانە وەڵامتان دەدەینەوە، لە ڕێگای موختاری گوندەکانتانەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە و داواکارییەکەیان پشت گوێخراوە (محەمەد،٢٠٢٢).

## ب- ئەنفالکردنی خەڵکی گوندی کانی ڕەش

کانی ڕەش لە ڕوی کارگێڕیەوە سەر بە ناحیەی تەقتەقە، بە دوری ١٣ کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتییەوە هەڵکەوتووە، هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی گۆمەشین و خرابە لە خۆرهەڵات، شیوەجان و کانی هەنجیر لە باکور، ساتوقەڵا لە خۆرئاوا، لە باشوریش زێی بچوک لە گوندەکانی گردخەبەر و گەڵناغاجی ناحیەی ئاغجەلەری جیادەکاتەوە (ئیلنجاغی، ٢٠١٤،١٢٤)، (بەهرام عزیز محمد[27])، کە خەڵکی گوندی کانی ڕەشە، ئاماژەی بەوە کرد " دوای ئەوەی کە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە پلانی حکومەتی بەعس جیاوازترە لە جارەکانی تر، هەندێک لە خەڵکەکە گوندەکەیان بەجێهێشت، هەندێکی تر لەو باوەڕەدانەبون حکومەت بیانگرێت و ئەنفالیان بکات، بۆیە لە گوندەکە مانەوە، کە پرۆسەی ئەنفالیش دەستی پێکرد، حکومەتی بەعس لە تەقتەقەوە گوند بە گوند پێداهات، ئەو خەڵکەی کە مابۆوە خۆیان لە حەشارگە و ئەشکەوتەکانی گوندەکە حەشاردابو، لە گرنگترین ئەو ئەشکەوت و حەشارگانەی خەڵکی تێدا گیران، بریتی بون لە ئەشکەوتەکانی: (کونەکەمتیار، زەنگ ئاباد، شاخە مێویلە، قەلاندەر، کانی کەلە، چاکی بەرەوبانگ)" (محمد،٢٠٢٢)، کانی ڕەش جگە لە ئەنفالکراوانی گوندەکە کە ٥٧ کەسن، ژمارەیەک خێزانی گوندی کانی کوردەش لە کانی ڕەش ئەنفالکراون لەمبارەیەوە (عبدالرحمن عبدالله صالح[28]) وتی " بەهۆی ئەوەی گوندی کانی کوردە لە بناری چیا هەڵکەوتبو، سەر چیای کانی کوردەش هەر لە ساڵی ١٩٨٧ەوە سەنگەری سەربازیی حکومەتی بەعسی لێبووە، بۆیە خەڵکەکە هەر زو گوندەکەیان چۆڵکرد، من لەگەڵ دو برای ترم بە ناوەکانی ڕەفیق و قادر بە خێزانەوە هەمومان چوینە گوندی کانی ڕەش و زەویمان بە کرێ گرت بۆ ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی، ئێمە لەو باوەڕە دانەبوین کە سوپای عێراق ڕو لە دەشتی کۆیە بکات، بەڵکو پێمان وابو ئەمجارە ڕو لە دۆڵی سماقوڵی دەکات و مەڵبەندی یەکێتی دەگرێت، چونکە مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوێ بو، بەڵام لە ٣ی ئایاری ١٩٨٨ لە گوندی کانی ڕەشەوە بە دوربین سەیری سەر شاخی کەڵکەسماقمان کرد، سێ چادرو و نۆزدە ئۆتۆمبێلی سەربازیی لێبو، ئینجا زانیمان حکومەت بۆ سبەی لە گشت قۆڵەکانەوە هێرشدەکات ، بۆیە بڕیارمدا ژن و منداڵەکان بە تراکتۆر لەگەڵ براکانم ڕەوانە بکەم بۆ کۆیە و خۆم لەو دەشتە بمێنمەوە، کاتێک ئەوانم بەڕێکرد بۆ کۆیە، لە ڕێگادا کاتێک دەگەنە گوندی هەواوان، توشی جەماعەتی (مام یەحیا) دەبن، پێیان دەڵێن بگەڕێنەوە، لە ڕێگای گوندی شەوگێر بڕۆن بۆ کۆیە، چونکە پێش ئێوە ئەوانەی کە هاتون دەستگیر کراون، بەڵام ئەوان لە بری ئەوەی ئاڕاستەی ڕێگاکەیان بگۆڕن، ئەو شەوە دەگەڕێنەوە بۆ گوندی کانی ڕەش و لە ٤ی ئایاری١٩٨٨ خەڵکی گوندەکە بە جیا هەریەکە لە حەشارگە و ئەشکەوتەکانی گوندەکە خۆمان شاردەوە، لە ڕۆژی ٥ی ئایاری ١٩٨٨ سوپای عێراق لە تەقتەقەوە هێرشی کردە سەر گوندی کانی ڕەش و شوێن بە شوێن دەگەڕا، خەڵکێکی زۆریان لە کانی ڕەش دەستگیرکرد، براکانم بە ژن و منداڵەوە لە ئەشکەوتی (کونەکەمتیار) بون، منیش منداڵەکانی خۆم لە شوێنێکی تر شاردبۆوە، لەبەرئەوەی ڕاکردوی سەربازیی بوم و چەکیشم پێبو لەوان دورکەوتمەوە، پێمگوتن ئێوارە دەگەڕێمەوە لاتان، لە شوێنێکی دورتر بە تەنها خۆم شاردەوە، ئەو ڕۆژە کۆپتەر لەسەر گوندی کانی رەش زۆر بە نزمی دەسوڕایەوە، جاش و سەربازهاتبووە ناو گوندەکە شوێن بە شوێن گەڕا بون، بۆیە خەڵکەکە بە ناچاری خۆیان ڕادەستکرد بو، براکانی من و منداڵەکانیشم هەمو دەستگیرکرابون، ئێوارە کە گەڕامەوە کەسیان نەمابون" (صالح،٢٠٢٢). لە ناو ئەنفالکراوانی گوندی کانی ڕەش، چەندین خێزان هەن، کە هەمویان دەستگیرکراون، بە پێی بەڵگەنامەیەک[29] (صابر ڕەسوڵ وەسمان ) کە خەڵکی گوندی کانی ڕەشە، ئێستا لە ژیاندا نەماوە، سێ کوڕی بە ناوەکانی (شکر، رضا، عبید ) بە ژن و منداڵەوە هەمویان دەستگیرکراون، کە کۆی هەمویان ٢٤ کەس بووە، لە ڕێککەوتی ١٩٨٩/٧/٨داواکارییەک پێشکەش بە پارێزگاری هەولێر دەکات، ناوی هەمو گیراوەکانی تێدا دەنوسێت، بۆ ئەوەی سۆراخیان بکات، حسنی صابر کە کچیەتی لە کاتی ئەنفالدا ئەو شوی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات " باوکم و دایکم و براکانم دوای ئەوەی لە کانی ڕەش لە ئەشکەوتی کونە کەمتیار دەستگیرکراون، دەگوازرێنەوە بۆ تەقتەق، پاشان بۆ تۆبزاوای کەرکوک، لەوێ

لێکجودا دەکرێنەوە و ڕەوانەی نوگرەسەلمان دەکرێن، بەڵام  دایکم و باوکم بەهۆی ئەوەی کە تەمەنیان گەورە بووە، پاش شەش مانگ لە نوگرەسەلمان بەربون و گەڕانەوە، دوای بەربونی باوکم سۆراخی براکانمی کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە "(ڕەسوڵ،٢٠٢٢).

## ج. چۆنیەتی ئەنفالکردنی خەڵکی گوندی گۆمەشین

گۆمەشین لە ڕوی کارگێڕیەوە سەر بە ناحیەی ئاشتییە، هاوسنورە لەگەڵ خەرابە لە باکورەوە، گوندی قزڵو لە ڕۆژهەڵات، هەواری تازە (تەپل) لە باکوری ڕۆژهەڵات، شیوەجان و کانی ڕەش لە باکوری ڕۆژئاوای (مەلارەسوڵ، ٢٠١٥،١١٥).

گۆمەشین لەگەڵ گوندی قزڵوی دراوسێی هەر لە ساڵی ١٩٨٦ەوە کەوتبووە بەر ڕق و توڕەییەکی بێ ئەندازەی حکومەتی بەعس، کاتێک تاقمێک سوپای پاسدارانی ئێران بەو دو گوندە گوزەریان کردبو، لە ئەنجامدا لە هەڵمەتێکی نائاساییدا لە پاش ماوەیەکی کەم، فڕۆکە گۆمەشینیان داوەتە بەر موشەک و خەڵکەکە بە تۆڵەکردنەوەیان لە قەڵەمداوە، لە ئەنجامی ئەو موشەکانە دو ژن و منداڵێک گیانیان لە دەستداوە (میدڵ ئێست ووچ،٢٠١٣،٢٥٨) ژنەکان بە ناوەکانی (عائشە احمد صالح، وهاجەر حمد کریم، منداڵەکەش بە ناوی خەرمان سلام سعید) (سعید[30] ،٢٠٢٢). لە ناو ئەنفالکراوانی دەشتی کۆیە زۆرترین ئەنفال بەر گوندی گۆمەشین کەوتووە، کە ژمارەی ئەنفالکراوەکان گەیشتۆتە ١٠٦ ئەنفالکراو (سمایل، ٢٠٢٢)، هۆکارەکانی ئەو ژمارە زۆرەی ئەنفالکراوانی گوندی گۆمەشین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە باوەڕیان وانەبووە، حکومەتی بەعس بەو شێوەیە ئەنفال و زیندەبەچاڵیان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا گۆمەشین بەردەوام لە پێشتریش هەر هێزی پێشمەرگەی لێبووە، پێیانوابووە کە پێشمەرگە خەبات و بەرخودان دەکەن و دەیانپارێزن، بەڵام کاتێک لە ئێوارەی ڕۆژی٣ ی ئایاری  ١٩٨٨ عەسکەر و گۆپتەپە بەر کیمیاوی کەوتووە، پێشمەرگەش گوندی گۆمەشینیان چۆڵکردووە، ئینجا خەڵکەکە لەوە تێگەیشتون، کە پێشمەرگە ناتوانێ بەرگرییان لێبکات، بە ناچاری بە تراکتۆر کۆچیان کردووە بۆ کۆیە، بەڵام لە لایەن مەفرەزەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕاست گوندی قەیسەری ڕێگرییان لێکراوە ئەوانیش گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان (حمد،٢٠٢٢؛ سعید،٢٠٢٢)، ئەمانە هۆکاری سەرەکی بون کە گۆمەشین زۆرترین ئەنفالی هەبێت.

لە ڕۆژی ٤ئایاری ١٩٨٨ سوپای عێراق هاتۆتە دەشتی کۆیە، بەڵام نەگەیشتۆتە گۆمەشین، لە ئێوارەی ڕۆژی ٥ ئایاری ١٩٨٨  هێزێکی زۆری سەربازیی هاتۆتە گۆمەشین، کە بارق عبداللە حاجی حنطە بە فڕۆکەیەکی بچوکی سەربازی سەرپەرشتی پرۆسەی کێوماڵکردنی گوندی گۆمەشینی کردووە، ئەوە جگە لە بەشداری ژمارەیەکی زۆری جاش بە سەرپەرشتی قاسم ئاغا و مەجیدی مەلا فەتاح ڕاوێژکار و یاریدەدەری فەوج و کۆمەڵێک ئامر سریەی فەوجەکەی وەک: محەمەد عەلی بەشیری، لەتیف خورشید سعید، محەمەد ئەحمەد عبداللە، مصطفی رشید مصطفی، ڕەسوڵ ئاغای مێوژەیی، بەکرە شەل، چەتۆ کەریم سەعید ناسراو بە چەتۆی کەریمە سور بەشداربونە لە گرتنی خەڵکی گوندی گۆمەشین، هەرچەندە خەڵکەکە گوندەکەیان بەجێهێشتووە، چونەتە ناو ئەشکەوتەکانی نزیک زەویە کشتوکاڵیەکانیان، لە گرنگترین ئەو ئەشکەوتانەش کە خەڵکی گوندەکە خۆیان تێدا شاردۆتەوە بریتی بونە لە ئەشکەوتەکانی: (جانی لە قەڵاتگە ، ئەشکەوتە بۆگەنە، خوبیارە، پارچەگەل، قەبری عەلی لە گردی سۆفیاغا، گۆمی کچان، گومی دوبەردان و شیوەسور) (صالح،٢٠٢٢).

(نەسرەدین سەلام سعید ) ئاماژەی بەوە کرد " لە ٤ی ئایاری ١٩٨٨ تەنها ئەشکەوتی جانی پەنجا کەسی تێدا بو، ئێمە لە بەیانییەوە لەناو ئەو ئەشکەوتە بوین، پاش نیوەڕۆ باوکم لە ئەشکەوتەکە هاتەدەر تا سەیری دەرەوە بکات، گوتی گوندەکە پڕ بووە لە سەرباز، هەمو سەر گردەکان گیراون، زۆری پێنەچو کۆپتەرێکی بچوک، کە کۆپتەری بارق یان پێدەگوت، بە نزمی لەسەر گوندی گۆمەشین سوڕایەوە، لە نزیک ئێمە لە چەمی قەڵاتگە بلدۆزەرێکی ماڵی ئەحمد شەریفی مامم لەوێ بو، شاردبویانەوە بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ، کۆپتەرەکە بلدۆزەرەکەی بینی، ئاگاداری سەربازەکانی ناو گوندەکەی کرد، بە چاوساغی جاشەکان ژمارەیەکی زۆر سەرباز هاتن بۆ لای بلدۆزەرەکە و بەگەڕیان خست و بردیان گوندەکەی پێبڕوخێنن، هەر بەو بلدۆزەرە گوندەکەیان لەگەڵ زەوی تەختکرد، ئێمە لە ناو ئەشکەوتەکە بوین، پێشی بە قامیش داپۆشرابوو، دەسترێژێکی گوللەیان لە ناو ئەشکەوتەکە کرد، خۆشبەختانە کەس بەر نەکەوت، بەڵام لە خوار ئێمەوە کۆمەڵێک خەڵکیان گرت،  ژن و منداڵ و پیاوێکی بە تەمەنی نەوەت ساڵەشیان لەگەڵ بو، زۆر ئازاریاندان" (سعید،٢٠٢٢). ڕۆڵی جاش لە دەستگیرکردنی خەڵکی گۆمەشین ڕۆڵێکی نەرێنی بووە، بە پێی وتەی شایەدحاڵەکان هەندێک لە سەربازەکانی سوپای عێراق چاوپۆشیان لە خەڵک کردووە، بەڵام جاشەکان بە پێچەوانەوە بونەتە ڕێنیشادەر و پێش سوپاکە کەوتون بۆ دەستگیرکردنیان، ئەوەی  جاشەکان بە خەڵکیان کردووە، سەربازەکانی حکومەتی بەعس نەیانکردووە، هەر بۆ نمونە: کاتێک دەسترێژی گوللە لە ئەشکەوتی جانی کراوە، خەڵکەکە نایەنەوە دەرەوە بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن، بەڵام کاتێک سوپا ویستویانە ئەشکەوتکە بپشکنن، سەربازێک لەسەر ئەشکەوتەکە بووە نەفەرەکانی ناو ئەشکەوتکەی بینیووە، بەڵام بانگی کردون من ئێرە گەڕاوم هیچ کەسی تێدا نییە (سعید،٢٠٢٢). ئێوارەی ٥ ئایاری ١٩٨٨ سوپای عێراق لەبەرئەوەی شەویان بەسەردا هاتووە، ئەو کەسانەی کە دەستگیریان کردبون، لەناو گوندی گۆمەشین دەستبەسەریان کردون، تا بەیانی ئینجا ڕەوانەی ئامریەی کۆیەیان کردون، خەڵکەکە ئەوەی کە نەگیراوە، هەندێکیان شەو چونەتە سنوری کانی ڕەش، هەندێکی تریان هەر لە گۆمەشین ماونەتەوە وخۆیان شاردۆتەوە، لەگەڵ گزنگی بەیانی جارێکی تر پرۆسەی کێوماڵکردنی سنوری گۆمەشین دەستی پێکردۆتەوە و ئەو خەڵکەی کە لەوێ ماوە دەستگیریان کردووە، بەشێکی زۆری خەڵکەکەش ئەوەی کە شەو چوبونە سنوری کانی ڕەش، ڕۆژی ٦ئایاری ١٩٨٨ کە دەبینن هەمو گوندەکانی دەوروبەریان وا سوتاوە و سەربازی لێیە، بە ناچاری لەگەڵ خەڵکی گوندی کانی ڕەش خۆیان ڕادەستدەکەن (حمد،٢٠٢٢). گوندی کانی ڕەش شوێنی کۆکردنەوەی گیراوانی ٦ی ئایاری ١٩٨٨  گۆمەشین بووە، لە دوای ئەوە ژن ومنداڵ بە جودا و پیاو بە جودا بە چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازی جۆری ئیڤا، ڕەوانەی تەقتەق کراون بەشێک بۆ سەربازگەی قەڵاتە، بەشێک بۆ حەزیرەکەی تەقتەق (صالح،٢٠٢٢). گۆمەشین هەروەک گوندی کانی ڕەش تەنها خەڵکی گوندەکەی لێنەگیراوە، بەڵکو خێزانێکی گوندی قزڵوش لە گۆمەشین دەستگیرکراون، لەمبارەیەوە (فؤاد قادر احمد[31])، کە سەرجەم خێزانەکەی لە گۆمەشین دەستگیرکراوە، ئاماژە بەوە دەکات" من خۆم پێشمەرگە بوم، لە گوندی قزڵو بوم، ئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٨٨ منداڵەکانم لەگەڵ باوکم و براکانم ڕەوانەی کۆیە کرد، بەڵام لە ڕێگادا لە ڕاست گوندی هەواوان (جاش) دێنە سەر ڕێگایان و پێیانگوتون جەیش هەیە لە پێشتان، تراکتۆرەکە ڕابگرن و خۆتان بە پێیان بڕۆن بۆ کۆیە، ئەوانیش گەڕابونەوە، ئەشکەوتێک هەیە لە نێوان قزڵو و ڕۆژهەڵاتی گۆمەشین ناوی ئەشکەوتە بۆگەنەیە، ڕۆژی ٤ ی ئایاری ١٩٨٨ من کە

زانیم لەوێن خواردن و ئاوم بۆ بردن، نزیکەی ٧٥ کەسی تێدا بو، بۆ ڕۆژی دواتر ئێوارەکەی جاشەکانی قاسم ئاغا هەمویان گرتون، دوای ئەوان من گەڕامەوە ئەشکەوتەکە، بینیم بە دەسکی ئەو تەنەکەی ئاوم بۆ بردبون وەرەقەیەکی پێوە بو، برا بچوکەکەم ناوی ئومێد بو خوێندەواری هەبو لیی نوسیبو "کاکە گیان ئێمە گیراین، ئێوە ئاگاتان لە خۆ بێت، جاشەکانی قاسم ئاغا هاتن هەمومانیان برد" دوای ئەوە پاش ماوەیەک باوکم و مامم و دو مامۆژنم لە نوگرە سەلمان بەربون و گەڕانەوە، ئەوان باسیان کرد "کاتێک لە ئەشکەوتەکە بردیانین، سەرەتا لە گوندی گۆمەشین خڕیان کردینەوە، ئەو شەوە هێشتینیانەوە، چەتۆی کەریمە سور، بە سەری خۆی دادەدا دەڵێت:" مام نادر ئەوە تۆش گیراوی؟ هیچ دەسەڵاتێکیشم نییە بە قورئان ئەمجارە دەفەوتێن" مام نادریش پێی دەڵێت ئێوە شەرەفێک شتێکتان نییە، دەڵێت ناوەڵا نیمانە، ئەگەر هەمان بوایە ئێوەم بەردەدا، ئەویش پێی دەڵێت ئەوە نییە قاسم ئاغا دەڵێت کەلام شەرەف بەرتان دەدەم، گوتی ڕاست ناکات، پاش ئەوە سواری چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازی جۆری زیلیان کردین بۆ ئامریەی کۆیە و پاشان بۆ تۆبزاوای کەرکوک، لەوێش ژن و پیاویان جودا کردەوە و ڕەوانەی نوگرە سەلمانیان کردین" (احمد،٢٠٢٢).

## ٤. بەرەنگاری هێزی پێشمەرگە بەرامبەر سوپای عێراق لە شەڕی چیای سیتەغار

سیتەغارچیایەکە ٨١٠ مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە، بە دوری شەش کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی تەقتەق دەڕوانێتە سەر گوندەکانی: گەرمکی ساتوقەڵا، ناسراغا، شیوەجان و باغەجنێر، لە ڕوکاری ڕۆژهەڵاتییەوە گوندی تەکەڵتو[32] هەڵکەوتووە (خورشید[33]،٢٠٢٢)، دوای ئەوەی حکومەتی بەعس بەهێزێکی زۆر و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی گەرمیانی ئەنفالکردووە، ئەو هێزە هیلاک و ماندووەی پێشمەرگە کە لە گەرمیان بووە، پاشەکشەی کردووە، هەندێکیان بە خێزانەوە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە ڕۆژەکانی ١٠تا ٢٠ ی نیسانی١٩٨٨ دەستیان کردووە بە خۆ دەربازکردن (کانی پانکەیی،٢٠٠٠،٣٦). بەشێکی هەرە زۆری هێزەکانی مەڵبەندی یەک لە ئێوارەی ١٥ی نیسانی ١٩٨٨ سەرەتا هاتون بەرەو قۆپیەکانی قەرەداغ، دواتر بە دەربەندی جافەران هاتونەتە سەر ڕێگای قەرەداغ – جافەران، لەوێوەوە بە گوندی هۆمەر ئامان تێپەڕیون تا گەیشتونەتە گوندەکانی چەولک و قازانقایە و مریەم بەگ، لە گوندی قازانقایە هێزەکان شەو پشویان داوە، لەوێ فەرماندەکان هێزەکەیان کردووە بە دو بەش، بەشێکیان شێخ جەعفەر وحەمەڕەش و عادل شکور سەرپەرشتیان کردووە، لە دەربەندی باسەرەوە بەرەو ناوچەی هەمەوەند و چونەتە خوارەوە بۆ دەشتی ئاغجەلەر بەرەو زێ، بەشەکەی تر قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی یەک و عومەر فەتاح و ئاوات قارەمانی و جەمیل هەورامی بەرەو ڕێگای ئەڵایی – سلێمانی بەرەو شاخی حاجی ئاوا ڕۆیشتون و لەوێشەوە بۆ گوندەکانی گەبە و گولیجە و قازان، پاش پشودانێک لە گوندی گولیجە بەرەو دێهاتەکانی کەناری زێی بچوک ڕۆیشتون، لەو کاتەدا لێپرسراو و ئەندامانی مەڵبەندی یەک بە ناوی کۆبونەوە ڕۆیشتون، شێخ جەعفەر وەکو لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی یەک و عەلی بچکۆڵیش وەک لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی دو لەگەڵ فەرماندەی تیپ و کەرتەکانی هێزەکاندا ماونەتەوە (سەرکانی،٢٠٠٩، ١٠٦-١١٦؛ بچکۆل،٢٠٠٨،٢٦٤)، (فؤاد قادر ئەحمەد) کە خۆی خەڵکی گوندی قزلوە لەوکاتیش پێشمەرگە بووە، ئاماژە بەوە دەکات " کە بارەگای مەڵبەند لە گوندی قزلو بووە، بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر" (ئەحمەد،٢٠٢٢) لە کۆبونەوەیەکدا بڕیاردراوە هێزەکان بەسەر ناوچەکەدا دابەش بکرێت بەمشێوەی خوارەوە:

- تیپەکانی٢١ی کەرکوک، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٢٣ی سورداش، ٣١ی سلێمانی، ٥٩ی حەمرین و ٥٧ی سەرگرمە لە ڕۆژهەڵاتی زێی بچوک، کە بەری ناو شوان و چەمی ڕێزان و گۆپتەپە و عەسکەر و مورتکە و کەڵەشێرە و چەند گوندێکی تری ناوچەکە دەگرێتەوە، جەولەیان تێدا کردووە و ماونەتەوە.
- تیپەکانی ٥٥ی قەرەداغ، ١٧ زمناکۆ، ٥١ی گەرمیان و ٩٣ کۆیە، لەگەڵ هەندێ هێزی جیاجیای تر، بەرەو دەشتی کۆیە ڕۆیشتون و لە گوندەکانی: ساتوقەڵا، مەلازیاد، موخەرس، گەرمک ، کانی ڕەش، قەسر، خەرابە، گۆمەشین، قزلو، ئەلیاسەسور، بۆگد و کلێسە و چەند گوندێکی تر جێگیر دەکرێن (کوردە،٢٠٠٩،٢٨١؛ سەرکانی،٢٠٠٩،١١٦)، تیپی ٥٥ی قەرەداغ لەگەڵ تیپی١٧ی زمناکۆ، کە جەمیل هەورامی سەرپەرشتی کردووە، ئەرکی پاراستنی سنوری گوندی تەکەڵتو و چیای سیتەغار و بەرزاییەکانی ناسراغایان پێسپێردراوە (ئەحمەد،٢٠٢١،٣). (عەدالەت ڕەفعەت عبدالقادر[34]) و (عەتا محەمەد ئەمین[35]) کە دو پێشمەرگەی تیپی ١٧ی زمناکۆ بون، بەشدار بونە لە شەڕی چیای سیتەغار، ئاماژە بەوە دەکەن " دوای ئەوەی تیپی (١٧)ی زمناکۆ و تیپی (٥٥)ی قەرەداغ لە زێی بچوک پەڕینەوە، سەرەتا هاتون بۆ گوندی مەلازیاد و موخەرەس، پاش هەفتەیەک و شەوی ٤ئایاری ١٩٨٨ هەواڵی ئەوەمان بۆ هات کە حکومەت هێزێکی زۆری لە بانوی تاڵەبان کۆکردۆتەوە، سبەی هێرش دەکاتە سەر دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە، بۆیە هەر بەو شەوە پاچ و خاکەنازمان لە گوندی مەلازیاد برد، سەنگەرمان لێدا بۆ ئەوەی سبەی ڕوبەڕوی دوژمن ببینەوە، بەشێک لە هێزەکان بەرزاییەکانی تەنیشت گوندی باغەجنێرمان بۆ دەست نیشان کرا، بەشێکی ترمان چونە بەرزاییەکانی چیای سیتەغار بەرەو گوندی ناسراغا، هەر ئەو شەوە تەواوی هێزەکان بەسەر شوێنەکان دابەشکران بە تیپی ٥٥ی قەرەداغیشەوە، کە لە خوارەوی هێزەکانی تیپی١٧ی زمناکۆوە بون، لەگەڵ هەندێ چەکدارەکانی سوپای بەدری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و هێزی پشتگیری سنورەکە، کە لە چەکدارەکانی گوندەکانی : باغەجنێر، تەکەڵتو و موخەرەس پێکهاتبون" (عبدالقادر،٢٠٢٢ ؛ ئەمین،٢٠٢٢). گرنگترین ئەو فەرماندەی کەرت و بەرپرسی پێشمەرگانەی ئەو قۆڵەی جەمیل هەورامی سەرپەرشتی کردووە، لە گوندی تەکەڵتو و چیای سیتەغار بەرەو بەرزاییەکانی گوندی ناسراغا بریتی بونە لە : عەلی ڕەشید، حەمەبۆر، عەلی چەلەبی، حاجی فایەق مامە عەزە، حەمە ڕەزا ئیبراهیم ـ ڕابەر سیاسی، سەردار عەینەک، حەمە فەرەج هەورامی، غەفور عەریفی، کامەران نەریمان، عەلی حسێن کادر و عومەر مارکس، قۆڵێکی تری شەڕەکە لە گوندی مخەرەس و بەرزاییەکانی بەردەمیدا بووە، کە پۆلێک لە پێشمەرگەکانی تیپی (٥٥)ی قەرەداغ بەشداربونە کە بە شێوەکی گشتی چەند کادر و پێشمەرگەیەکی دێرین بونە وەک: شێخ ئەحمەدی شێخ عەبدول، خەلیل سەرکانی فەرماندەی کەرت، مامۆستا تاهیر جێگری فەرماندەی کەرت، شێخ جەمال هادی (کانی پانکەیی،٢٠٠٠،٣٨)، سوپای عێراق لەگەڵ گزنگی خۆر، کاتژمێر (٥) ی بەیانی لە بەرواری ٤ی ئایاری ١٩٨٨ لە دەشتی (بەلەگین[36])، کە شوێنێکە دەکەوێتە سنوری گوندی کونەگورگ، بە تۆپی مەدفەعی تۆپبارانی ناوچەکەی کردووە، لە کاتژمێر (٨) بەیانی هێرشی زەمینی لە سێ قۆڵەوە بە ئاڕاستەی گوندی تەکەڵتو و چیای سیتەغار دەستپێکردووە، یەکەم: لە بانوی تاڵەبانەوە بۆ گوندی

کونەگورگ بۆ پەڵکانە و ناسراغا، دووەم: لەگۆڕحەمرانی موخەرەسەوە، سێیەم: لە سەر کەڵەکەوە بۆ گوندی باغەجنێر (خورشید،٢٠٢٢ ؛ ئیلنجاغی،٢٠١٤،٩٤)، لە هەمان کاتدا هێرشی ئاسمانیش بە پاڵپشتی حەوت کۆپتەری جەنگی، کە چواریان گەورە و سیانیان بچوکی غەزالی بونە بەردەوام بووە، یەکێک لە کۆپتەرەوە گەورەکان لە بڵندگۆوە بە زمانی کوردی  بانگەوازی ڕادەست بونی پێشمەرگەی کردووە (کانی پانکەیی،٢٠٠٠،٣٧). هەرچەندە نابەرامبەری لە هێزەکاندا هەبووە لە ڕوی ژمارەی هێز و چەک و تەقەمەنییەوە، بەڵام لە یەکەم ڕوبەڕوبونەوە پێشمەرگە گورزێکی باشیان لە سوپای عێراق داوە، عەتا محەمەد ئەمین ئاماژەی بەوە کرد "بەهێزترین چەکی پێشمەرگە بریتی بوو لە ئارپیچی کە چەند گولەیەکمان پێبو لەگەڵ بیکەیسی، لە بەرامبەردا سوپای دوژمن لە ئاسمان و لە زەمین باشترین جۆری چەک و تەقەمەنیان پێبو، بەردەوامیش بە هەلیکۆپتەری جەنگی سەربازی زیاتریان بەرامبەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دادەبەزاند، لە کاتژمێر ٤٥ :١١ دەقیقەی بەیانی هێرشێکی چڕی ئاسمانی  سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا هەم چەکە بەهێزەکەمان کە بیکەیسی بوو تێکشکێنرا، کە مامە قالە عەدەد بیکەیسی بو، هەم نۆ پێشمەرگەی تیپی (١٧) زمناکۆ کوژران[37]" (ئەمین ،٢٠٢٢) پێشمەرگەیەکی تیپی (٥٥) ی قەرەداغیش بریندار بووە، لەگەڵ شەش کەس لە سوپای بەدر (ئیلنجاغی،٢٠١٤،٩٤). خەلیل سەرکانی، کە خۆی فەرماندەی کەرت بووە و لە شەڕەکەدا بەشدار بووە، ئاماژە بەوە دەکات "هەواڵی شەهیدەکان و بریندار بونی مامۆستا تاهیر لە تیپی ٥٥ ی قەرەداغ  ورەی پێشمەرگەکانی بە تەواوی دابەزاند، هەروەها هیچ فیشەکێکی ئەوتۆشمان پێ نەمابو، لە مەڵبەندیشەوە جیهازمان بۆ دەکرا، کە بەرگری بکەین، هێزەکانمان تا عەسرێکی درەنگ بەرگرییان کرد، پاشان پاشەکشەمان کرد، چاوەڕێی ئەوە بوین دنیا تاریک بێت و ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی هەم بریندارەکەمان بگوازینەوە و هەم هێزەکەمان ڕزگار بکەین، دوای ئەوەی گوێدرێژێکمان پەیدا کرد مامۆستا تاهیرمان خستە سەر، بەڵام ئەوەندە نەڕۆیشتین مامۆستا تاهیریش گیانی لە دەستدا، تەرمەکەیمان بە خەڵکی ناوچەکە دا بۆ ئەوەی بە خاکی بسپێرن، دوای ئەوە لە ڕێگای کۆیە – تەقتەق پەڕینەوە بەرەو گوندی مەرزان و پاش پشویەکی کورت، لە ڕۆژی دواتر بە شاخی هەیبەسوڵتان سەرکەوتین و ڕۆیشتین بۆ سماقوڵی و پاشان چوینە سەرکردایەتی " (سەرکانی،٢٠٠٩، ١٢٤-١٢٨)، (جەعفەر تەکەڵتویی[38]) ئاماژەی  بەوە کرد" شەڕی چیای سیتەغار تاکە شەڕی بەرگری هێزی پێشمەرگەیە لە ئەنفالی قۆناغی چوار لە دەشتی کۆیە، کە هێزی پشتگیری ناوچەکە ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە یارمەتیدانی پێشمەرگە و نیشاندانی ڕێگایەکی دروست بۆ دەربازبون لە ڕێگای وەستا سەلامی ناسراغا ڕێنماییان کرا، ئەوە جگە لەوەی خەڵکی مەدەنی گوندەکانی باغەجنێر و تەکەڵتو و ناسراغا لەو ڕۆژە هەمو ژیانیان کەوتە مەترسییەوە، لە کون و حەشارگەکانی ناوچەکە خۆیان شاردەوە (تەکەڵتویی،٢٠٢٢).عومەر سلێمان خورشید لە زاری ئامۆزایەکیەوە بە ناوی سابیر یەحیا کە هێزی پشتگیری بووە، باس لەوە دەکات " زۆربەی خەڵکە مەدەنییەکە لە ئەشکەوتی یەک دەرگا خۆیان شاردۆتەوە، کە کەوتۆتە نێوان سنوری گوندەکانی باغەجنێر، موخەرەس، تەکەڵتو، هەر ئەو خەڵکەش تەرمی مامۆستا تاهیریان بە خاک سپارد، کە تەرمەکەی تا دوای ڕاپەڕین لەوێ بووە، ئینجا کەسوکارەکەی بردویانەتەوە زێدی خۆی (خورشید،٢٠٢٢). میدڵ ئێست وۆچ لە ڕاپۆرتەکانی  سەبارەت بە بەرگری هێزی پێشمەرگە لە سنوری ئەنفالی کۆیە، بەو جۆرە ئاماژەی پێکردووە " زۆربەی ڕەتڵەکان ڕاپۆرتیان لە سەر بەرگرییەکی کەم و هاکەزایی داوە، بەڵام لە دو شوێن پێشمەرگە شەڕی چاکیان کردووە و هێزەکانیان لە جێی خۆی وەستاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا  تۆپخانە و موشەکیش پاڵپشتی ئەم هێزانە بووە، سەر لە بەیانی ٤ ی مایس فەریق روکن سوڵتان هاشم ڕاپۆرتی لەسەر بەرەنگارییەکی توند داوە لە چیای تەکەڵتو، کەوا چەند میلێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی تەقتەقەوەیە، بەڵام لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا شاخەکە پاککرایەوە دوای کوشتنی نۆ کەسیان، کە لاشەکانیان هەر لەو شوێنەدا بەجێماوە (میڵ ئێست وۆچ،٢٠١٣،٢٥٣)، تەرمی کوژراوەکان بۆ ماوەی سێ مانگ هەر لە دۆڵی هەوێز کاوڕان ی چیای تەکەڵتو ماوە، دوای ئاگر تێبەردانی چیاکەش پاشماوەی تەرمەکان هەر لەوێ ماوەتەوە (ئەحمەد،٢٠٢١،٣)، سەبارەت بە ژمارەی  تەرمی کوژراوەکان چاپوک سەید عومەر لە پەرتوکی نامەکان دیرۆکن، کە هەموی نامەی سەردەمی پێشمەرگایەتییە، لە نامەیەکدا کە لە لایەن هاوڕێیەکیەوە بەناوی هیوا بەکر لە ١٩٨٩/١/١٢ نێردراوە، باس لەوە دەکات کە هەندێک پێشمەرگەی هاوڕێیان ڕۆژێک بە نهێنی چونەتە شاخی تەکەڵتو لە جۆگەیەک ئاویان خواردۆتەوە دواتر سەیریان کردووە، تەرمی ١٦ کوژراوی تیپی  (١٧)ی زمناکۆی لێبووە، هەر لەوێ تەرمەکانیان شاردۆتەوە (سەید عومەر،٢٠٢٠،١٧٦)، ئەو نامەیەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی ژمارەی کوژراوەکان شانزدە کوژراو بووە، بەڵام نۆ کەسیان لە تیپی ١٧ی زمناکۆ و یەک کەسیان لە تیپی ٥٥ ی قەرەداغ و شەش کەسیشیان لە سوپای بەدر بونە. لەبەرئەوەی سوپای عێراق بەیانی هەمان ڕۆژ گوندەکانی پەڵکانە و ناسراغای سوتاندووە، لە گوندی ناسراغاش سەربازگەیەکی داناوە، (حەتەم پەڵکانەیی[39]) کە خەڵکی گوندی پەڵکانەیە و ئەوکات پێشمەرگە بووە ، لەگەڵ برایەکی بە ناوی ڕۆستەم سوارە سەعید و  دو مامی خۆی بە ناوەکانی زرار زاهیر و سابیر زاهیر، وەلی کونەگورگ و کێخوا نادری قۆڕیتان و چەند کەسێکی تری ناوچەکە کە هێزی پشتگیری بون، لە  هەڵەت و حەشارگەکانی نێوان پەڵکانە و داربەڕو خۆیان شاردۆتەوە، لەگەڵ ڕۆژئاوابون، دوای ئەوەی کە دەنگی کۆپتەر و تەقەی شەڕی چیای سیتەغار نامێنێت، لە حەشارگەکانیان دێنە دەر و  بە نهێنی بەرەو لای گوندی پەڵکانە دێن، بە دوربین سەیری ناوچەکە دەکەن  بۆ ئەوەی بزانن چ دەگوزەرێت، دەبینن  ئۆتۆمبێلێکی سەربازی جۆری ئیڤا لە گوندی کونەگورگەوە بە ئاڕاستەی پەڵکانە و ناسراغا دەڕوات، ئەوانیش بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە سوپای عێراق بکەنەوە، بەهۆی ئەوەی گوندەکانی سوتاندووە و خەڵکەکەی دەربەدەر کردووە، بۆیە بیر لەوە دەکەنەوە کە  بۆسەیەکی لەسەر ڕێگاکە بۆ دابنێن، لە شوێنێک بەناوی ئەسحابە ڕەش، کە شوێنەکە پێچە و ئۆتۆمبێل دەبێت تەواو هێواشی بکاتەوە ئینجا بڕوات، تەقە لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە دەکەن کە چوار سەربازی تێدا بووە، سێ سەرباز دەکوژن و سەربازێکیش ڕادەکات و ڕزگاری دەبێت، دوای ئەوە دەچنە لای ئۆتۆمبێلەکە دەبینن پڕ لە کەلوپەل و خۆراکە، ئینجا لەوە تێدەگەن کە ویستویانە ئەو خۆراکە بۆ ئەو سەربازگەیەی گوندی ناسراغا بگوازنەوە، دەست بەسەر چەکی کوژراوەکان دا دەگرن و ئۆتۆمبێلەکەش هەر لەوێ ئاگر تێبەردەدەن (پەڵکانەیی،٢٠٢٢).لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە لە سنوری ئەنفالی کۆیە، بەرگری پێشمەرگە تەنها لە شەڕی چیای سیتەغار و چالاکی سوتانی ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازییە بووە.

## ٥. ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە ٩ی ئایاری ١٩٨٨

کۆیە یەکەم شارە ئەنفالی لێکراوە (سەید برایم،٢٠٠٨،٣٦)، ٩ی ئایاری ١٩٨٨ لە مێژووی شاری کۆیە ڕۆژێکی ناخۆش و لە بیر نەکراوە، چونکە لەو ڕۆژەدا کەم خانەوادەی گوندەکانی دەشتی کۆیە هەیە، لە ناو کۆیە، کەسێکی یان چەند کەسێکی لێ دەستگیر نەکرابێت، چەندین منداڵ بێ باوک و دایکبون، چەندین ژن لە هاوسەرەکانیان دابڕان و ئەرکی قورسی بەخێوکردنی منداڵەکانیان زیاتر لە پێشوتر کەوتۆتە ئەستۆ، چەندین دایک و باوک تا مردن لە چاوەڕوانی هاتنەوەی ڕۆڵەکانیان دا بونە، چەندین دڵدار بە خۆشەویستەکانیان نەگەیشتن، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە ناسراوە (حمدامین [40] ،٢٠٢٢)، لەو ڕۆژەدا حکومەتی بەعس هەمو ئامادەکارییەکی کردووە بۆ ئەوەی تەواوی خەڵکی گوندەکان کە ڕویان لە شارەکە کردووە بیانگرێت، بۆ ئەم مەبەستە قەدەغەی هاتوچۆ لە شاردا ڕاگەیەنراوە، دەوامی فەرمانگەکان ڕاگیراوە، خوێندن لە خوێندگاکان وەستێنراوە، هەرچەندە خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا بونە ( حمد[41] ،٢٠٢٢)، لیژنەیەکی ئەمنی پێکهێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی لیوای ٦٨ سەدامی زێڕین و لیوای ٦٦ ی پاراستنی نەوت، بە سەر تەواوی شارەکە، ئەو لیژنەیە پێکهاتووە لە بەڕێوەبەری ئەمنی کۆیە، نوێنەری دەزگای هەواڵگری کە لە چەندین مەفرەزە پێکهاتووە، بەڕێوەبەری (منظمة)ی کۆیە (یاسین محمد خالد ) کە لە چەند فیرقەیەک پێکهاتبون، نوێنەری ئامریەی کۆیە عمید محمد، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی لیوا روکن بارق عبدالله حاجی حنطه، فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی نەوت، لەسەر چیای هەیبەسوڵتان و باواجی وەک لە پێشتریش چۆن سەنگەری سەربازی لێبووە، بەڵام لەو ڕۆژەدا هێزەکان زیاد کراون، تەواوی دەوری شارەکەش بە هێزی سەربازی دەورە دراوە، بازگەش لە چەند شوێنێک دانراوە، سەر پردی ئازادی یەکێک بووە لەو شوێنانەی کە بازگەی لێبووە (خورشید،٢٠٢٢؛ تەیب[42] ،٢٠٢٢) لەبەیانیەکی زو کە هێشتا هەندێک خەڵک لە خەودا بونە، کۆپتەر لە ئاسمانی شارەکەدا زۆر بە نزمی سوڕاوەتەوە، کەسێک بە ناوی شێرکۆ براهیم جلال ناسراو بە شێرەی ابراهیم ئاغا خەڵکی کۆیە بووە، بانگەوازی ئەوەی کردووە " خەڵکی بە شەرەفی شاری کۆیە، لە ماڵەکانتان مەیەنە دەرەوە، ئەورۆمخەریب و خاک فرۆشانی لایەنگری جەلال تاڵەبانی لە شارەکەدا پاک دەکەینەوە، ئەوانەی کە لە لایەن ئەوانیشەوە هەڵخەڵەتێنراون بگەڕێنەوە مقەرەکان و حکومەت باوەشی کردۆتەوە بۆ هەر کەسێک کە دەیەوێت بگەڕێتەوە") (ڕەسوڵ،٢٠٢٢). لەو ڕۆژەدا بەهۆی ئەوەی باردۆخێکی نا سەقامگیر لە شاردا دروست بووە، هێزی سەربازی بە تەواوی شاردا بڵاوەی پێکراوە، بانگەوازیش بەردەوام کراوە، ئەو خەڵکانەی کە ڕاکردوی سەربازی بون یان ئەوانەی خزمەتی سەربازیان نەکردووە، هەندێک کەسیش کە خزمەتی سەربازیشیان کردووە، بەڵام هەر ترساون کە بگیرێن، ڕویان لە ماڵی سەرۆک جاش و موستەشارەکان کردووە، هەندێک خەڵکیش لە ناو تانکی سەربان و ژێرزەمین و هەندێک کون، کە لە ژوری نوستنەکانیان لێیان داوە، خۆیان شاردۆتەوە (خورشید،٢٠٢٢). لە کۆیەدا ژمارەیەک موستەشار هەبونە خەڵک چونەتە ماڵەکانیان، وەک (قاسم فارس تاهیر ناسراو بە قاسم ئاغای کۆیە، عوسمان عمر مام یەحیا، فارس تاهیر مستەفا، میرزا ئیسماعیل شەریف، زاهیر تاهیر توفیق)، هەریەک لەو مستەشارانەش، کۆمەڵێک ئامرسریە و سەرۆک مەفرەزەیان هەبووە، خەڵک ڕویان لە مقەرەکانیان کردووە، لەوانە: (بەکرە شەل، چەتۆی کەریمە سور، حەتەمی عەوڵا خڕەی، حەمید ئاغای قەیسەری، جەوهەری خدرە سوری، کەریمی مەلا عەلی مەلا ڕەسوڵ، مام قاسم حاجی قەڵا، هتد...) (کەریم[43]،٢٠٢٢)، بۆ یەکەم جار گەڕان و پشکنینی ماڵان لە گەڕەکی ئازادی پشت ڕێگای سەرەکیەوە دەستی پێکردووە، کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵ گەڕاون، لەو گەڕانانەشدا کۆپتەر لە ئاسمانەوە زۆر بە نزمی لە گەڵیان بووە، بۆ ئەوەی توشی هەر ڕوبەڕوبونەوەیەک یان کەسێک لە دەستیان ڕا بکات تەقەی لێبکەن و لێیان بزر نەبێت، دوای ئەوەی هەمو ماڵەکانی ئازادی پشت ڕێگای سەرەکی گەڕاون هەندێک کەسیان گرتووە، دواتر چونەتە مقەڕی چەتۆی کەریمە سوری کە هەمان گەڕەک بووە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لێبووە، هەمویان گرتون و لە گۆڕەپانێک نزیک خوێندنگای کۆسرەتی ئێستا کۆیان کردونەتەوە، بە گەلابە و تراکتۆر گواستویانەتەوە بۆ ئامریەی کۆیە (خورشید،٢٠٢٢)، دوای ئەوەی کە زانیویانە خەڵک ڕوی لە مقەرەکان کردووە، گەڕان و پشکنینی ماڵانیان کەم کردۆتەوە، هێزی سەربازی پەلاماری مقەرەکانی داوە، بۆ ئەم مەبەستە لە گەڕەکی ئازادی خوار ڕێگای گشتی چونەتە مقەڕی بەکرەشەل خەڵکێکی زۆری گوندەکانی دەشتی کۆیە لەو مقەرە گیراون و سواری ئۆتۆمبیلی جۆری زیلی سەربازیان کردون و بردویانن بۆ ئامریەی کۆیە (ڕەسوڵ،٢٠٢٢).

سوپای عێراق جگە لە گرتنی خەڵک، هەمو ئەو تراکتۆرانەشیان بردووە، کە خەڵکەکە لە گوندەکانەوە پێی هاتونەتە شار (عومەر مەلاعوڵا فقی محمد[44]) و (کاکل حەمە عەلی حەمەشەریف[45]) ئاماژە بەوە دەکەن "کاتێک کە لە گەڕەک و کۆڵانەکان سەرباز دەگەڕان هەر تراکتۆرێکیان ببینایە، ئیشیان پێ دەکرد و دەیانبرد، بە تایبەتی لە گەڕەکی ئازادی کە گەڕەکێکی میللی بو، زۆرینەی خەڵکی گوندەکان هاتبونە ئەو گەڕەکە یان خانویان بە کرێ گرتبو یان لە ماڵی خزم و کەسوکاریان جێگایان بۆ کرابۆوە، بونی ئەو تراکتۆرانەش لەبەر ئەوە بو کە مۆرکێکی لادێی پێوە دیار بو، بۆیە پرسیاری خاوەنەکەیان دەکرد، وە ئەگەر خاوەنەکەشیان نەدۆزیایەوە خۆیان ئیشیان پێدەکرد و دەیانبرد" (فقی محمد،٢٠٢٢ ؛ حەمەشەریف،٢٠٢٢). ڕەز و باخەکانی پشت و خوار پردی ئازادی بووەتە هۆکاری ڕزگاربونی کۆمەڵێک لە خەڵکی گوندەکان، دوای ئەوەی کە سوپا بڵاوەی پێکراوە بۆ پشکنینی ماڵ بە ماڵ، خەڵکێکی زۆر بە هەر جۆرێک بێت خۆیان گەیاندۆتە ناو ئەو ڕەز و باخانە و خۆیان شاردۆتەوە، (عەلی ئەحمەد ڕەسوڵ [46]) کە خەڵکی گوندی (خەرابە[47] ) یە، ئاماژە بەوە دەکات " دوای ئەوەی کە جموجۆڵی سەربازی دەستی پێکرد من لە گەڕەکی ئازادی بوم، چومە ناو ڕەز و باخەکانی پشت پردی ئازادی، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لێبو، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەوێ خۆمان شاردەوە" (ڕەسوڵ،٢٠٢٢). یەکێکی تر لەو گەڕەکانەی کە بە چڕی پشکنینی تێدا کراوە، گەڕەکی گردی یە سەرکەوت صابر حمد کە ئەو کات ماڵیان لە گەڕەکی گردی بووە، باس لە هۆکارێکی تر دەکات بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر ڕو لە مقەڕ و ماڵی مستەشارەکان بکات ، دوای ئەوەی پشکنینی ماڵان لە گەڕەکی ئازادییەوە دەستی پێکرد، خەڵکێکی زۆر بە ناو ڕەز و باخەکان هاتونەتە گەڕەکی گردی و ئەو دەنگۆیە لە گەڕەکی گردی بڵاوبۆوە کە ماڵ بە ماڵ پشکنین دەکرێت، هەرکەسیان بەردەست بکەوێت دەیانگرن، بۆیە خەڵکەکە بە ڕێژەیەکی زیاتر خۆیان گەیاندە ماڵی موستەشارەکان (حمد،٢٠٢٢). یەکێک لە ماڵی ئەو موستەشارانەی کە خەڵکێکی زۆری لێگیراوە، ماڵی مام یەحیا بووە، بارق عبدالله حاجی حنطە بە کۆپتەرە بچوکەکەی لەسەر ماڵی مام یەحیا دەنیشێتەوە لە گەڕەکی بایزاغا، بە پێی وتەکانی (اسماعیل احمد شفیع[48]) کە لەو کاتەدا لە ماڵی مام یەحیا بووە، زیاتر لە (٥٠ کەسی لێبووە، لە ناو ئەو خەڵکەدا پێشمەرگەشی تێدا بووە، هێزێکی زۆر دەوری ماڵەکەی دەگرن و پاش لێدانێکی زۆر ئەو خەڵکە ڕیز دەکەن و وێنەیان دەگرن، پاشان هەمویان بە دوای یەکدا دەبەن بەرەو ڕێگای لای

قشڵەی کۆیەیان دەبەن لەوێ سواری ئۆتۆمبیلی سەربازی جۆری ئیڤایان دەکەن و دەیانبەنە ئامریەی کۆیە، لە ناو گیراوەکاندا هەندێک خەڵک ڕایانکردووە، هەرچەندە تەقەشیان لێکراوە بەڵام خۆیان کردووە بە ماڵ و گەڕەکانی دەوروبەری ماڵی مام یەحیا و خۆیان گەیاندۆتە ڕەزەکانی کۆیە و ڕزگاریان بووە، گرتنی ماڵی مام یەحیا هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، کە لە لایەن موستەشارەکانی ترەوە، کە زۆر ڕقیان لە مام یەحیا بووە، بەهۆی ئەوەی پاڵپشتی خەڵکی هەژاری کردووە و یارمەتیداون، شکاتی لێکراوە لە دائیرەی ئەمن، کە یارمەتی پێشمەرگە دەدات و ماڵەکەی پڕە لە پێشمەرگە (شفیع،٢٠٢٢) بێستون عثمان عمر مام یەحیا برای مام یەحیا، ئاماژە بەوە دەکات:" دوای ئەوەی کە ئەنفالی دەشتی کۆیە دەستی پێکرد، خەڵکی تەنها لە چەند گوندێک گیرا، پێشتر هاتبونە کۆیە، مام یەحیاش یارمەتییەکی زۆری خەڵکی دا بو، ماڵیشمان پڕ بو لە خەڵکی گوندەکان و تەنانەت پێشمەرگەشی تێدا بو، مستەشارەکانی تریش ڕاپۆرتیان لە سەر مام یەحیا دا بو، کە یارمەتی خەڵکی داوە، ماڵەکەی پڕە لە پێشمەرگە، بۆیە عەلی حەسەن مەجید، فەرمانی کردووە، کە پشکنینی کۆیە و ماڵی مستەشارەکان بکرێت، لە ڕۆژی ٩ی ئایاری ١٩٨٨ دەوری ماڵەکەمان بە هێزێکی زۆر گیرا، کۆپتەرێکی بچوک لە سەر بەیتونەی ماڵەکەمان نیشتەوە، بارق عبداللە هاتە حەوشەی ماڵەکەمان، مام یەحیا پێی گوت " من دخل دار أبي سفيان فهو آمن" مەبەستی مام یەحیا لەو وتەیە ئەوە بوو، کە هەرچی لە ماڵیەتی سەلامەتە، بارق پێی وت ڕاستە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ماڵەکەمان پشکنرا، تەنها ژوری دیوەخانەکەمان نەبێت، وە هەرچی خەڵکێک لە حەوشە و ماڵەکەمان هەبو هەموویان برد، چەکێکی زۆر لە ماڵەوەمان هەبوو ئەویشیان برد، هەروەها هەمو گەڕەکی بایزاغاشیان پشکنی، هەندێک خەڵکیشیان لە ماڵەکانیش گرت، ڕیزیان کردن و بردیانن، هەرچەندە مام یەحیا دوای ئەوە چۆوە ئامریە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بەر بدات، بەڵام لەوێش کە دەپرسن کێ لایەنگری مام یەحیایە، کەس ناوێرێت قسە بکات، وە خەبەری ئەوەش بە دائیرەی ئەمن درا بو مستەشارەکانی کۆیە، پسولەی لایەنگریان بۆ خەڵکی پێشمەرگە و گوندەکان کردووە، حکومەتی بەعس بەو بیانووە ماڵی هەندێک لە مستەشارەکانی تریش گەڕا (مام یەحیا،٢٠٢٢). ئامانجی سەرەکی حکومەتی بەعس گرتنی خەڵکی گوندەکانی کۆیە بووە، هەر بۆیە لە گەڕەکی ئازادییەوە دەستیان پێکردووە، کە گەڕەکێکی میللی بووە، زۆربەی خەڵکی گوندەکان لەو گەڕەکە بونە. لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعسیشدا هاتووە، کە ماڵی مسشتەشارەکان پشکنراوە، بە پێی بەڵگەنامەیەک کە لە لایەن سەرۆکی هێزەکانی پاراستنی نەوت بۆ سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکور نێردراوە لە ١٩ی ئایاری ١٩٨٨، ئاماژە بەوە کراوە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پشکنینی شارۆچکەی کۆیە، بەهۆی ئەوەی هەندێک لە خەڵکی گوندەکانی ناوچە قەدەغە کراوەکان ڕویان لە شارەکە کردووە و لە گەڕەکەکاندا نیشتەجێبون، هێزەکانمان لە ٩ی ئایاری ١٩٨٨ شارۆچکەکەیان پشکنی، هەندێک خەڵکیان دەستگیر کرد، دواتر زانیاری پشتڕاستکراوەمان پێگەیشت کە لە کاتی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتۆچۆ و پێش پشکنین، کۆمەڵێک خەڵکی گوندەکان چونەتە ماڵی مستەشارەکان، بە تایبەت مستەشاری فەوجی ٨٦ مام یەحیا و مستەشاری فەوجی ٨٥ قاسم فارس ئاغا، کە ماڵی ئەم مستەشارانە گەڕاین، ژمارەیەک لە خەڵکی گوندەکانی تێدا بو، کە وەرەقەی ڕێگەپێدانیان پێبو، مۆری مستەشارەکانی پێوە بو، هەروەها کۆمەڵێک خەڵکی کۆیەشی تێدا بو، کە وەرەقەی ڕێگەپێدانیان بۆ کرا بو، بە مەبەستی فریودانی یەکەکانی سوپا، لە ناو گیراوەکاندا هەندێک لە مەسیحیەکان و عەرەبی تێدایە بانگەشەی ئەوە دەکەن سەر بە هێزەکانی بەرگری نیشتمانی فەوجی (٨٥) ن، ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەستگیر کراون گەیشتە ٢٩٩ کەس، ١٣٦ کەسیان خەڵکی گوندە قەدەغە کراوەکانن، ١٠٨ کەسیان دواکەوتوی سەربازین، ٥٥ کەسیشیان خەڵکی کۆیە بون، بەهۆی سەلامەتی و نەبونی هیچ کێشەیەک ئازادکراون (قيادة قوات حماية النفط الاركان العامة الاستخبارات، 1988/5/19[49]). لە گەڕان و پشکنینی ماڵی مستەشارەکان، کۆمەڵێک ئەفسەری سەربازی بەشداربون، لەوانە: ملازمی یەک عوید عبداللطیف، نەقیب هاشم سامەڕائی ئەفسەری دەزگای هەواڵگری، لەو گەڕان و پشکنینانە دەستیان گرتووە بە سەر ٦٧٠٠ هەزار دینار و کاتژمێرێکی زێڕ (تقرير، مادة 3، 1988/5/18[50])، لە ماڵی (قاسم ئاغا) خەڵکێکی کەمتر گیراوە، چونکە دوای ئەوەی کە زانراوە ماڵی مام یەحیا دەستی بە سەر دا گیراوە، خەڵکەکە ئاگادار کراون و چونەتە ناو قەمیشەڵانەکانی ناو باخی پشوی ئێواران و لەوێ خۆیان شاردۆتەوە، کە نزیکبووە لە ماڵی قاسم ئاغا (خورشید، ٢٠٢٢) لە ماڵی زاهیر ئاغاش کۆمەڵێک خەڵک دەستگیر کراون، زاهیر ئاغا کۆمەڵێک خەڵکی گوندەکانی لای خۆی گل داوەتەوە، کە ژمارەیان نزیک ٧٠ کەس بووە، ڕەوانەی یەکێک لە سەنگەرە سەربازییەکانی کردون لە گردی چادری، کە نزیکەی کیلۆمەترێک لە کۆیەوە دورە، هەروەها پێشی وتون کە ناسنامەیان بۆ دەردەهێنێت، پاش هەفتەیەک دوای ڕەشبگیرییەکەی کۆیە، ڕۆژێک دەیانهێنێت لە (منظمة) ڕێکخراوی حیزبی بەعسی کۆیە هەموویان ڕادەست دەکات، لە نێو ئەو حەفتا کەسەدا ژمارەیەک خەڵکی گوندی سورەقەڵای تێدا بووە، کە ئەوەش وەک چالاکی بۆی ئەژمار کراوە و مەدالیای ڕێزلێنانی دراوەتێ (حمد،٢٠٢٢). لە ناو مستەشارەکاندا تەنها مام یەحیا ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە یارمەتیدانی خەڵکی هەژار و خەڵکی گوندەکان، چونکە هەر لە ٣ی ئایاری ١٩٨٨ کاتێک کە خەڵکی گوندەکان دێن بەرەو کۆیە لە ڕاست گوندی هەواوان، دەچێتە پێش تراکتۆرەکان و بەو خەڵکە دەڵێت، خۆتان ڕزگار بکەن، گەر ئەمجارە بگیرێن کەستان ڕزگارتان نابێت، ئەوە جگە لەوەی کە ماڵەکەشی پڕ بووە لە خەڵکی هەژار و وەرەقەی پشتگیری پێداون کە لە فەوجەکەی ئەون، هەر ئەو یارمەتیدانەش بووەتە هۆی ئەوەی کە مستەشارەکانی تر ڕقیان لێیبۆتەوە، هەواڵیان لێداوە کە ماڵەکەی بووەتە شوێنێک بۆ حەوانەی پێشمەرگە (حەبیب[51] ،٢٠٢٢ ؛ شەفیع،٢٠٢٢)، لە ئەنجامی ئەوەشدا مام یەحیا و براکەی بە ناوی کارۆخ بە بیانوی ئەوەی هاوکاری خەڵکی هەژار و پێشمەرگە و ڕزگارکردن و پاراستنی کەسوکاریانیان کردووە، دەستگیر دەکرێن، لە بەندیخانەی تایبەتی سیاسی لە بەغداد حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێت، بەڵام دوای شەش مانگ بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرێن (خۆشناو،٢٠٢١،١٣)، بە گەڕانەوەشیان بۆ کۆیە، خۆشی و شادییەکی زۆر دەردەبڕدرێت، خەڵکێکی زۆر دەچنە بەردەم ماڵی مام یەحیا، شایی و زەماوەند دەگێڕن (حمدامین، ٢٠٢٢) ئەوەش باشی و جوامێری بنەماڵەی مام یەحیا دەردەخات، کە یارمەتی خەڵکیان داوە، خەڵکیان ڕزگارکردووە، پێچەوانەی موستەشارەکانی تر تەنها ئازاری خەڵکیان داوە و خەڵکیان بە گرت داوە.

لە ڕۆژی ٩ی ئایاری ١٩٨٨ گرتن و بردنی خەڵک بە شێوەیەکی ڕەشبگیری بووە، جیاوازی نەکراوە لە نێوان مامۆستایەک و ئەندازیارێک و کرێکارێک، هەر کەس لە دەرەوە بوبێت بێ لێپێچینەوە لەگەڵ خۆیان بردویانە، (ئەسوەد فتاح کەریم [52]) ئاماژە بەوە دەکات" لەو ڕۆژەدا منداڵەکەی نەخۆش دەبێت لە باوەشی دەکات و لەگەڵ خێزانی دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بێ لێپێچینەوە

منداڵەکە لە باوەشی دەردەهێنن و دەیدەنەوە دایکی و ئەو دەبەن، جگە لەوە باس لەوە دەکات دوای ئەوەی کە بردویانن بۆ ئامریەی کۆیە، پاشان ڕەوانەی گرتوخانەی تۆبزاوایان کردن، لەوێ ژن و منداڵ و گەورە و بچوک هەمو جودا کرا بۆوە، ڕۆژێک لە ناو گرتوخانەکەدا ئەفسەرەکە گوتی: کێ عەرەبی دەزانێت زۆرینە گوتیان ئەوە مامۆستایە عەرەبی دەزانێت، بانگیان کردم گوتیان گەر تۆ مامۆستای لە گوندی چیت کردووە، منیش گوتم من لە گوند نەگیراوم لە شارەکەی خۆم لە کۆیە گیراوم باوەڕیان بەوە نەکرد زۆریان لێدام، منیش گوتم گەر باوەڕ ناکەن ئێوە ئەندازیاریشتان گرتووە، خەڵکی کۆیەیە، گوتیان کێیە؟ گوتم (ناوی صباح رشید) ە، بانگیان کرد، ئەو ناسنامەی ئەندازیاری پێ بوو ئینجا باوەڕیان کرد، کە ئێمە لە گوند نەگیراوین، جگە لەوە ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کەسێکی تر بە ناوی ئاسۆ تاهیر مونیف کە سەربازی حکومەتی بەعس بووە، لەو کاتەدا مۆڵەت بووە ئەویش دەگیرێت هەرچەندە مۆڵەتی سەربازی پێبووە، بەڵام باوەڕیان پێنەکردووە، پاشماوەیەک هەندێک خەڵکی کۆیە، لە تۆبزاوا ئازاد دەکرێن و دەگەڕێنەوە کۆیە، دوای گەڕانەوەیان بۆ کۆیە، لە ئەمنی کۆیە بانگ دەکرێن کە بە هیچ جۆرێک نابێت باسی گرتنەکەیان لای کەس بکەن (کەریم،٢٠٢٢)، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکومەتی بەعس لەم قۆناغەدا تەنها ئامانجی لەناوبردن و گرتنی خەڵکی لادێکان بووە، چونکە پێیوا بووە خەڵکی لادێکان یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، گەر خەڵکی لادێکان بگیرێن و لادێکان تێکبدرێن بزوتنەوەی چەکداری کوردستان لە ناو دەچێت و دەپوکێتەوە.

هەربۆیەشە گەر سەیری لیستی گیراوانی سنوری ئەنفالی کۆیە و گوندەکانی بکەین، لە کۆی (٨٥١) ئەنفالکراو تەنها ٢٥ کەس لە ئەنفالکراوان خەڵکی ناو کۆیەن، یەک ئەنفالکراو هی تەقتەقە، لەگەڵ ١٠ کەس لە ئەنفالکراوانی گوندی خەرابە، کە پێش دەسپێکی پڕۆسەی ئەنفالی چوار چونەتە گوندی قەسرۆک و لەوێ دەستگیرکراون (ئەحمەد، ٢٠٢٢) بە پێی بەڵگەنامەیەک کە (جمعە حمد غفور[53]) کە خەڵکی گوندی خەرابەیە لە دوای ئەنفال لە گەڕەکی ئازادی لە خانوی ژمارە ٢١١ دانیشتووە، لە ڕێککەوتی ٨ی تەموزی١٩٨٩ لە ڕێگای ئەنجومەنی گەڕەکی ئازادی (تۆفیق فرج) داواکارییەکی ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کردووە، ناوی خێزان و کوڕ و منداڵەکانی کوڕەکەی تێدا نوسیووە، کە ژمارەیان دە کەسە بۆ ئەوەی سۆراخیان بکات (المدعی جمعە حمد غفور: ١٩٨٩/٧/٨) عەلی ئەحمەد ڕەسوڵ ئاماژە بەوە دەکات کە (جمعە حمد غفور) خۆشی بەر پڕۆسەی ئەنفال کەوتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی گەورە بووە، کاتێک لە نوگرەسەلمان بەربو گەڕایەوە لە کۆیە گەڕەکی ئازادی نیشتەجێبو، دوای بەربونی سۆراخی ژن و کوڕ و منداڵەکانی کوڕەکەی کردووە، بەڵام بێ ئەنجام بووە (ڕەسوڵ،٢٠٢٢)، جگە لەمانە هەندێک ناو کە خەڵکی گوندی سێگردکانن لە لیستی ناوی ئەنفالکراوانی سێگردکان تۆمارکراون، ژمارەیان شەش کەسە [54] لە شەوی ١٨ لە سەر ١٩٨٨/٧/١٩ کەوتونەتە کەمینی جاش و هێزەکانی سەلاح شینە لە بەستی شەرغە، لە ئەنجامدا هەمویان دەستگیرکراون و لە سێدارە دراون و لە گۆڕستانی مەعمەل قیڕ لە هەولێر نێژراون (عومەر،٢٠١٥،٢١) دەنا کۆی ئەنفالکراوانی تر خەڵکی گوندەکانن، وەک لە پێشتریش ئاماژەمان پێکردووە تەنها گوندەکانی (کڵێسە، کانی ڕەش، گۆمەشین، هەندێک خێزانی قزڵو و کانی کوردە و کانی بی و بۆگد) نەبێت لە گوندەکان دەستگیرکراون، دەنا هەموو خەڵکە ئەنفالکراوەکەی تر لە ڕۆژی ٩ئایاری١٩٨٨ لە ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە دەستگیرکراون، لێرەدا ناوی گوندەکان و ژمارەی خەڵکە ئەنفالکراوەکان بە پێی ژمارەی زۆری ئەنفالکراوان گوند بە گوند لەم (خشتەیە[55]) دەخەینە ڕو:

| ز | ناوی گوند | ژمارەی ئەنفالکراو | ز | ناوی گوند | ژمارەی ئەنفالکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گۆمەشین | ١٠٦ | ٣٥ | قەمبەر | ٤ |
| ٢ | کڵێسە | ١٠٣ | ٣٦ | سماقوڵی گرتك | ٤ |
| ٣ | قزڵو | ٥٧ | ٣٧ | هەواوان | ٤ |
| 4 | کانی ڕەش | ٥٧ | ٣٨ | کاولان | ٤ |
| ٥ | بۆگد | ٥١ | ٣٩ | کانی سوور | ٤ |
| ٦ | کانی کوردە | ٤٠ | ٤٠ | سماقوڵی سەروچاوە | ٣ |
| ٧ | کانی بی | ٣٤ | ٤١ | شێخەروان | ٣ |
| ٨ | تاڵەبان | ٣٢ | ٤٢ | قورەبەرازە | ٣ |
| ٩ | باغەزنێر | ٢٨ | ٤٣ | مەلازیاد | ٣ |
| ١٠ | خەرابە | ٢٦ | ٤٤ | ئاودەڵۆك | ٣ |
| ١١ | ناو شاری کۆیە | ٢٥ | ٤٥ | سێنان | ٣ |
| ١٢ | تیمارۆك | ٢١ | ٤٦ | سێوەسەن | ٢ |
| ١٣ | موخەرەس | ٢٠ | ٤٧ | شیلە | ٢ |
| ١٤ | سورەقەڵا | ١٩ | ٤٨ | شیوەشان | ٢ |
| ١٥ | سێگردکان | ١٩ | ٤٩ | کفرەدۆڵ | ٢ |
| ١٦ | پێبازۆك | ١٥ | ٥٠ | کونەگورگ | ٢ |
| ١٧ | نێرەگین | ١٣ | ٥١ | ئۆمەرگومبەت | ٢ |
| ١٨ | شەوگێر | ١٠ | ٥٢ | تۆبزاوا | ٢ |
| ١٩ | قوڵقوڵە | ١٠ | ٥٣ | فەقێیان | ٢ |
| ٢٠ | قۆڕیتان | ١٠ | ٥٤ | ئیڵەڵا | ١ |
| ٢١ | بانەگۆلان | ١٠ | ٥٥ | ئاسکی کۆیە | ١ |
| ٢٢ | کێلەزیندان | ٩ | ٥٦ | ئاخورە | ١ |
| ٢٣ | کانی هەنجیر | ٧ | ٥٧ | میرکە | ١ |
| ٢٤ | قەسر | ٨ | ٥٨ | میرسەید | ١ |
| ٢٥ | ئاوماڵ | ٦ | ٥٩ | مەرزان | ١ |
| ٢٦ | دۆندار | ٦ | ٦٠ | قازبەگیان | ١ |
| ٢٧ | ناسراغا | ٦ | ٦١ | شیواشۆك | ١ |
| ٢٨ | تەکەڵتو | ٥ | ٦٢ | شاخە پیسکە | ١ |
| ٢٩ | عەوداڵان | ٥ | ٦٣ | سماقوڵی | ١ |
| ٣٠ | ئەلیاسەسور | ٥ | ٦٤ | باوەقوب | ١ |
| ٣١ | باجەوان | ٥ | ٦٥ | سێکانی | ١ |
| ٣٢ | بامورتکان | ٥ | ٦٦ | بانەمورد | ١ |
| ٣٣ | گەرمك | ٥ | ٦٧ | ناحیەی تەق تەق | ١ |
| ٣٤ | حاجی قەڵا | ٥ | | کۆی گشتی | ٨٥١ |

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە، ئامانجی لەناوبردنی تەواوی خەڵکی گوندەکان بووە، کە کەم خێزان هەیە زیاتر لە گیراوێکیان نەبێت، بەوهۆیەوە شیرازەی خێزانەکان تێکچون، گرفتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی دروستکردووە، تا ئێستاش شوێنەوارەکانی هەرماوە.

## ٦. وێستگەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانی سنوری قەزای کۆیە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان

ئەنفالکراوانی کۆیە و گوندەکانی، هەمو لەیەک کات و لە یەک شوێن نەگیراون، بەڵکو لەچەند کات و شوێنی جیاواز کۆکراونەتەوە، تا دواجار بێ سەر و شوێن کراون و نەگەڕانەوە. ئەو شوێنانەی کە ئەنفالکراوانی سنوری قەزای کۆیەی لێ کۆکراوەتەوە، چەند وێستگەیەک بووە، بەمشێوەیە:-

وێستگەی یەکەم

**١.** ئامریەی کۆیە: قەڵای دیموکراتی ئێستا، ئەم شوێنە سەرەتا هەمو ئەو کەسانەی کە لە ئێوارەی ٣ی ئایاری١٩٨٨ لە ڕاست گوندی هەواوان گیراون، بردراونەتە ئەوێ، لەگەڵ هەمو ئەو ئەنفالکراوانەی گوندی گۆمەشین و هەندێ گوندی تر، کە لە ئێوارەی ٥ی ئایاری دوای گرتنیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەوێ هێشتویانەتەوە (حمد،٢٠٢٢؛ صاڵح،٢٠٢٢؛ میدڵ ئێست

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp59-78

وۆچ،٢٠١٣، ٢٦٦). گیراوانی ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە ٩ی ئایاری ١٩٨٨ (شفیع،٢٠٢٢).

**٢.** شارۆچکەی تەقتەق وەک سەنتەرێکی ناوچەیی گرنگ، لە لێواری باکوری زێی بچوکدا، بووە بە شوێنێکی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەو گوندنشینانەی کە لە ماوەی ئەنفالی قۆناغی چواردا ڕەشبگیر کراون، لێرەدا گیراوەکان هێندە زۆربون کە زیاد لە سەنتەرێکیان بۆ خراوەتە کار، کە بریتی بون لە:

یەکەم: سەربازگەی قەڵاتە: کە لە ناو یەکێک لەو قەڵا لە ئەژمار نەهاتووانەی کە کوردستانی گرتبۆوە و بە پێی نەخشەیەکی ستاندارد لە ساڵەکانی ١٩٧٠ دروست کرا بون، دووەم: شوێنێکی تەلبەند کراو وەک گەوڕ و تەویلەیەکی بەخێوکردنی ئاژەڵ کە لە نزیک پردی تەقتەق بووە، ئەو شوێنە شوێنێکی حکومی بووە، بۆ بەخێوکردنی ڕەشە وڵاخ، هەر بە شێوازە عەرەبییەکەی پێی وتراوە حەزیرەکەی تەقتەق، ئەم گەوڕانە لە کاتی ئەنفالدا ڕەشە وڵاخیان تێدا بەخێونەکراوە، خەڵکی ئەنفالکراویان تێدا دەستبەسەر کردووە (میدڵ ئیست وۆچ٢٠١٣،٢٦٧؛ ئۆمەرگومبەتی، ٢٠١٣، ٩٨) خەڵکێکی زۆری گۆمەشین و کانی ڕەش لەوێ کۆکراونەتەوە (سمایل،٢٠٢٢).

**٣.** قەڵای سوسێ گیراوانی گوندی کلێسە و هەمو ئەوانەی لە ڕۆژی ٤ ئایاری١٩٨٨ لە سەر ڕێگای قەشقۆڵی – دوکان سلێمانی گیراون بردراونەتە ئەوێ (عارف،٢٠٢٢) لەناو ئەو گیراوانەی کە بردراونەتە قەڵای سوسێ و ڕەوانەی تۆبزاوا و نوگرەسەلمان کراون، هەشت کەس بەهۆی گەورەیی تەمەنیان گەڕاونەتەوە، بەڵام هیچیان لە ژیاندا نەماون(عارف:٢٠٢٢).

وێستگەی دووەم/ گرتوخانەی تۆبزا لە پارێزگای کەرکوک.

وێستگەی سێیەم / گرتوخانەی نوگرەسەلمان لە خواروی عێراق لە پارێزگای سەماوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نمونەیەک لە چۆنیەتی مامەڵەی سەرباز و جاشەکان لە ناو گرتوخانەکان وێستگە بە وێستگە لە زاری شایەد حاڵەکان باس بکەین، (عوسمان حمد اسماعیل [56]) کە خەڵکی گوندی ئەلیاسەسورە، ئاماژە بەوە دەکات " دوای ئەوەی لە ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە دەگیرێن، لەگەڵ چوار برای دەبرێنە ئامریەی کۆیە، بۆ ڕۆژی دواتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن، ناویان دەنوسن، پارە و سەعات و تەنانەت ئەنگوستیلەشیان لێ دەستێنن دەڵێت: ئەوەی عەرەبی بزانیایە باش بووە، دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات، ئەوەی عەرەبی نەزانیایە شێرەی ابراهیم ئاغا وەرگێڕانی بۆ ئەفسەرەکە دەکرد، قسەی خەڵکەکەی بە جۆرێکی تر وەردەگێڕا، گوتویەتی ئەوە پێشمەرگەیە و لە گوندەوە هاتووە سەر بە تیپی ٩٣ ی کۆیەیە" عوسمان کە گوێی لەو جۆرە قسانە دەبێت دەڵێت: گەورەم من پێویستم بە وەرگێڕ نیە و عەرەبی دەزانم، ئینجا ئەفسەرەکە پرسیاری لێدەکات، ئێوە بۆ گیراون، ئەویش دەڵێت من بۆ نان کڕین چومە بازاڕ گیرام، پرسیاری خزمەتی سەربازی و ناوی فەوج و ناوی ئامر کەرتەکەی لێدەپرسێت، پاشان جودایان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی دەستە دەستە بە ئۆتۆمبیلی سەربازی ڕەوانەی تۆبزاوای کەرکوکیان بکەن، پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکانیان بکەن، بە پشتێن یان بە جەمەدانییەکانی سەریان دەست و چاویان بەستاون، بەڵام ئەو ئێوارە پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکانیان بکەن عوسمان ڕا دەکات، هەرچەندە تەقەی لێدەکەن و برینداریش دەبێت، بەڵام خۆی دەگەیەنێتە گوندی هەرمۆتە و ڕزگاری دەبێت (اسماعیل،٢٠٢٢).

لە شارۆچکەی تەقتەقیش دوای ئەوەی بەشێکی خەڵکی گۆمەشین و کانی ڕەش لە حەزیرەکەی تەقتەق کۆ دەکرێنەوە، جاشەکان کە پاسەوان بون ڕێگریان لە خەڵک نەگرتووە کە بڕۆن، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە ئامۆژگاری گیراوەکانیان کردووە، دەستی منداڵەکەکانیان بگرن و بڕۆن بۆ ناو تەقتەق، لەمبارەیەوە ناصح عثمان سمایل یەکێک بووە لە گیراوەکان دەڵێت " جاشەکان خۆیان ڕێنماییان دەکردین کە بڕۆین و خۆمان بشارینەوە لەو دەوروبەرە، کە دنیا تاریک بو بچینە ناو شارۆچکەی تەقتەق (سمایل،٢٠٢٢)، نەسرین احمد صالح یش یەکێکی ترە لە گیراوەکان ئاماژە بەوە دەکات یەکێک لە جاشەکان ناوی (نەوزاد) بوو، بە ئیشارەت بانگی کردم" گوتی دەستی منداڵەکانت بگرەو بڕۆ، تەنانەت منداڵەکانیشی بۆ لەو دیوارە نزمە سەر خستم، کە لەو ڕێگەیەوە دەرفەتی ڕۆیشتن هەبو، نەسرین دەڵێت ئەو جاشە ڕەنگ بێت زیاتر لە٣٠٠ کەسی ڕزگار کرد بێت، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گۆمەشین لە ژن و منداڵ ڕزگاریان بو (صالح،٢٠٢٢)، لێرەدا هەڵوێستی دو سەرەی جاشەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەندێکیان ڕۆڵێکی زۆر باشیان هەبووە لە ڕزگارکردنی خەڵک، بە پێچەوانەوە هەندێکیان زۆر خراپ بون لەگەڵ خەڵک. (خالد احمد فقی عبدالله [57]) کە خەڵکی گوندی بۆگدە، دوای ئەوەی کە لە ماڵی مام یەحیا دەستگیر دەکرێت لە ئێوارەی ١٩٨٨/٥/١١ ڕەوانەی تۆبزاوا دەکرێت، باسی ڕەوشی خراپی ناو گرتوخانەی تۆبزا دەکات، کە چۆن ژن و منداڵ و گەورە و بچوک لێکجودا کراونەتەوە، ڕۆژانە یەک سەمونیان داونەتێ، لە جەژنی ڕەمەزان بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر هیچ جۆرە خواردنێکیان نەداونەتێ (فقی عبدالله،٢٠٢٢). (حوسنی صابر ڕەسوڵ ) لە زاری باوکییەوە کە لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە، باسی ڕەوشی خراپی ناو گرتوخانەی نوگرەسەلمان دەکات، کە ئاوی سوێریان داونەتێ، لەگەڵ ڕۆژانە یەک سەمونی ڕەق، جگە لەوەی کە حەجاج بەڕێوەبەری زیندانی نوگرە سەلمان ڕۆژانە چۆتە ناو زیندانییەکان و بە قامچی لێیداون، هەروەها باس لە مردنی ڕێژەیەکی زۆری منداڵ و بە تەمەنەکان دەکات، کە لە برسان و لە توێنیان مردون، دوای ئەوە تەرمەکانیان خراوەتە ژێر لمەوە، بەڵام سەگێکی ڕەش هەر بە لموزی تەرمەکانی بە دیار خستووە و خواردونی، هەروەها ئەوەشی لە باوکییەوە بیستووە، کە هەر ئافرەتێکی جوان بووە، بانگیان کردون و دەستدرێژی سێکسیان کردونەتە سەر، ئەوەی بە داواکەشیان ڕازی نەبوبێت، هەر لەوێ کوژراون (ڕەسوڵ،٢٠٢٢). لە ناو گیراوانی کۆیە لە تۆبزاوا دو دەستە خەڵک ئازاد کراون ، جاری یەکەم، ژمارەیەکی زۆر لەو گیراوانە گەڕانەوە، کە ٣ی ئایاری١٩٨٨ لە گوندی هەواوەن گیراون، لە ناو ئەو گیراوانە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی زۆربەی گوندەکانی تێدا بووە، بە تایبەتی گوندی گۆمەشین و کانیبی، دوای ئەوەی خەڵکەکە دەستگیر دەکرێن مەلا جەمالی خەڵکی گوندی گۆمەشین پەیوەندی بە (مەلا حەمەدەمینی چۆمحەیدەر[58]) دەکات، تا لە گەڵی بچێتە لای بارق عبدالله حاجی حنطه کە ئەوکات لە ئامریەی کۆیە بووە، مەلا حەمەدەمینیش کۆمەڵێک مەلای تریش لەگەڵ خۆی دەبات لەوانە: مەلا حەسەن حەمەد مرۆ، مەلا بابەشێخ، مەلا مستەفا عەلی کاتێک دەچنە لای بارق عبدالله، چاو و قاوەیان بۆ دەهێنن، لەناو عەرەبیش دیاردەیەک باوە کاتێک کەسێک داوکارییەک لە کەسێک دەکات، ئەگەر لە کاتی چا و قاوە خواردنەوە بێت، دەڵێن: نمەکت ناکەم تا داواکارییەکەم بۆ جێبەجێ نەکەیت، مەلا حەمەدەمینیش بە بارق عبداللە دەڵێت: نمەکت ناکەین تا گیراوەکانمان بۆ بەر نەدەیت، بارق عبداللەش بەڵێن دەدات کە گیراوەکانیان بۆ بەر بدات، بەو هۆیەوە زیاتر لە ٣٠٠ کەسی خەڵکی کۆیە ئازاد دەکرێن و دەگەڕێنەوە (چۆمحەیدەری،٢٠٢٢). دەستەی دووەم پەنجا و پێنج تا شەست کەس ئازاد کراون، ئەوانە هەندێک پیشەوەری کۆیەیان لەگەڵ بووە، هەندێک ئەمنیان ناسیووە پێشتر

لە کۆیە بون، بەوهۆیەوە ڕزگاربون، هەندێکیان ناسنامە و بەڵگەیان پێبووە و سەلماندویانە کە خەڵکی کۆیەن و لە ناو شاردا گیراون بۆیە لە کەرکوک بەریانداون، ئەو دەستانە دوانزدە کەس دوانزدە کەس پێکەوە بەریان داون (عبدالله،٢٠٢٢؛ کەریم،٢٠٢٢)، ئەوە جگە لەوەی هەندێک خەڵکیش دوای گیرانی کەسوکاریان لە ماڵی قاسم ئاغا، پەیوەندی بە قاسم ئاغاوە دەکەن و پارەی پێدەدەن، ئەویش پەیوەندی بە عەلی حەسەن مەجید دەکات و دەڵێت هەندێک لە جاشەکانی منتان گرتووە، ناوەکانی دەداتێ و بەردەبن (خورشید،٢٠٢٢) هەندێک لە گیراوانی کۆیە پاش لێکۆڵینەوە لە کەرکوک، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر ڕەوانەی ئەمنی هەولێر کراونەتەوە، پاش لێکۆڵینەوە، هەندێکیان گوللە باران کردون و هەندێکیشیان ئازاد کراون، لە ناو ئەوانەی کە گوللە باران کراون پاش نۆ مانگ گیران، کەسێکی مەسیحی گوندی هەرمۆتە بە ناوی هێمداد منصور هەبووە لەگەڵ کەسێکی تری خەڵکی کۆیە بە ناوی نەوزاد حەمە سدیق (عبدالله،٢٠٢٢). چیرۆک و بەسەرهاتی گیراوانی ئەنفالی سنوری کۆیە و گیراوانی گرتوخانەکانی ئامریەی کۆیە و حەزیرەکەی تەقتەق و تۆبزاوای کەرکوک و نوگرەسەلمان گەلێک زۆرن، کە هەر گیراوێک چیرۆکێکی تایبەتی هەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و دروستکردنی ئینسکلۆپیدیایەک هەیە، کە بە لیژنە کاری لە سەر بکرێت.

## ٧. ئەنجام

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**١.** ئەنفال پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بووە، حکومەتی بەعس بەرامبەر بە کورد ئەنجامی داوە، پرۆسەکە لە ٢٣ شوبات تا ٦ ئەیلول بەردەوام بووە، لەو چوارچێوەیەدا شاری کۆیە و ناحیە و گوندەکانی بەر پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی چوارەم کەوتون لە ٣-٧ئایاری ١٩٨٨ هەموو گوندەکانی لەگەڵ زەویدا تەخت کراون.

**٢.** لە ڕۆژی ٤ئایاری ١٩٨٨ پێشمەرگە بەرەنگاری سوپای عێراق بونەتەوە، لە شەڕی چیای سیتەغار، بەو هۆیەوە نۆ پێشمەرگە کوژراون. کە ئەمە یەکەمین بەرەنگارییە لە ئەنفالی قۆناغی چوار لە سنوری ئەنفالی کۆیە.

**٣.** شاری کۆیە یەکەم شارە لە کوردستاندا کە پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجامدرابێت، لە ڕۆژی ٩ئایاری١٩٨٨ قەدەغەی هاتوچۆ لە شاری کۆیە ڕاگەیەنراوە، پشکنینی شاری کۆیە کراوە، بەوهۆیەوە خەڵکێکی زۆری گوندەکان لە شاری کۆیە گیران، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لە کۆیە ناسراوە.

**٤.** لە ئەنفالی دەشتی کۆیە تەنها گوندەکانی کڵێسە، کانی ڕەش، گۆمەشین خەڵکەکەی لە ناو گوندەکاندا گیراوان، دەنا زۆرینەی خەڵکەکەی تر لە ڕۆژی ڕەشبگیرییەکەی ئەنفال لەناوکۆیە دەستگیرکراون.

**٥.** گیراوانی سنوری ئەنفالی کۆیە، سەرەتا لە چەند وێستگەیەک لە کۆیە و تەقتەق کۆکراونەتەوە، ئینجا ڕەوانەی تۆبزاوەی کەرکوک کراون، پاشان لەوێوە بۆ نوگرەسەلمان.

**٦.** لە ئەنجامی ئەنفالی کۆیە و ناحیە و گوندەکانی ٨٥١ یەک کەس بێ سەر و شوێن کران و نەگەڕاونەتەوە.

**٧.** بەهۆی ئەنفالی قۆناغی چوارەوە، گوندەکانی کۆیە، هەمو وێران بون و زۆربەی دانیشتوانەکەی دوای پرۆسەی ئەنفالیش نەگەڕانەوە گوندەکانیان.

**٨.** ئەنفالی قۆناغی چوار کاریگەریی ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەرونی زۆری بەجێهێشتووە، لە سەر خەڵکی کۆیە و دەوروبەری کە تا ئەمڕۆش ئەم کاریگەرییانە هەرماون.

## ٩. لیستی سەرچاوەکان


بێکۆل:عەلی (٢٠١٨) سەختەرێ لە چەمی ڕێزانەوە تا ترۆپک، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

حەمەدەمین: هاشم یاسین (٢٠١٩) ئاکامە جوگرافییەکانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنفالی چوار وەک نموونە، گۆڤاری زانکۆی دهۆک، پەربەندا ٢٢، ژمارە (١) ژمارەیەکی تایبەت، سەنتەری لێکۆڵینەوە و جینۆسایدی زانکۆی دهۆک دەری کردووە.

ڕێبوار: هاوراز (٢٠١٢) چەند دێڕێک لەسەر ئەنفال و کیمابارانی گۆپتەپە، گۆڤاری ئەنفالستان، ژمارە ٨ ، ساڵنامەیەکی تایبەتە بە ئەنفال و جینۆساید.

ڕەسوڵ: شۆرش حاجی، (٢٠٠٣)، ئەنفال و کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

ڕەشید: هێمن کامیل (٢٠٠٩) ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی لە سەر گەنجی کەس و کاری ئەنفال، گۆڤاری هەشتا و هەشت، وەرزە گۆڤارێکی ڕووناکبیریە تایبەتە بە جینۆسایدی گەلی کوردستان، ژمارە (١١)، سلێمانی، چاپخانە و ئۆفیسی کوردستان.

ساڵح: عومەر هەمزە(٢٠١١) پشدەر لە سەردەمی ئەنفالدا، بێ شوێن و ناوی چاپخانە.

سلێمان: تەها (٢٠١٥) مێژووی قۆناغەکانی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە (١)، گۆڤارێکی ساڵانەیە، دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال دەریدەکات.

سەرکانی: خەلیل، (٢٠٠٩) ئەنفال لە یادەوری پێشمەرگەیەکدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، لە بلاوکراوەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.

سەید عومەر: چاپووک (٢٠٢٠)، نامەکان دیرۆکن، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

سەیدبرایم: ڕەهبەر (٢٠٠٨) سایەی هەیبەسوڵتان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

عەبدوڵا:هێمن (٢٠١٣) هەگبەی خەمەکانی قەلاسێوکە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

عەبدە: زەمان،(٢٠١٠)، مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

فەرهاد:لەتیف (٢٠١٧) مێژووی کیمیا بارانکردن و ئەنفالکردنی گۆپتەپە، چاپی یەکەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کلتوور.

فەرەج: فاتیح فەرەج (٢٠١٢) جەلەمۆرد لە ئامێزی خوادا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

کانی پانکەیی : عوسمان (٢٠٠٠) لە یادی شەهیدە بەرزەکانی ئەنفالی (٤) دەشتی کۆیەدا، گۆڤاری شەهید، ژمارە (١٠)، گۆڤارێکە بنکەی ڕۆشنبیری شەهید ڕێباز دەریدەکات.

کوردە: ئەحمەد (٢٠٠٩) بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، چاپی یەکەم، کۆیە، چاپخانەی سەید برایم.

محەمەد: سیروان (٢٠٠٤) دەشتی کۆیە و تراجیدیا گەورەکانی کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال ژمارە (٥)گۆڤارێکی لێکۆڵینەوە و دۆکیومێنتی یە، وەزارەتی ماڤی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال دەریدەکات.

محەمەد: عەلی مەحمود (٢٠١٣) ئەنفالی چوارم چۆن بینی؟ جینۆسایدی کورد لە خەزێنەی K24، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

محەمەد:عومەر (٢٠٢١) گەشتەکانی ئەنفالستان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

منظمة حقوق الانسان / شرق الاوسط (2003) جريمة العراق فى الابادة الجماعية، حملة الانفال ضد الكرد. ترجمة: جمال ميرزا عزيز، الطبعة الاولى، السليمانية، مطبعة وزارة الزراعة و الري.

مەلارەسوڵ: زامدار ئەحمەد (٢٠٠٩) ناحیەی ئاشتی و گوندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر - چاپخانەی رۆژهەڵات.

مەلاشاخی: ابوبکر محمد حاجی (٢٠٠١) ئەنفالی خالخاڵان (ئەنفالی چوار)، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆخ.

هیومان رایتس ووچ؛ میدڵ ئیست ووچ (٢٠١٣) جینۆساید لە عێراق، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێرانی: محەمەد حەمەصالح تۆفیق، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

هەمەوەندی: یادگار عبداللە علی (٢٠٠٨)، رەهەندە سیاسیەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرفیای سیاسی، پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی کۆیە کراوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، توێژینەوەیەکی بڵاو نەکراوەیە.

هەنارەیی: ئیسماعیل (٢٠١٦) تاقانەکانی جینۆساید لە کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی رۆکسانا.

ئۆمەرگومبەتی:ئیدریس (٢٠١٣) ئەنفالی زێی بچووک، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

ئیلنجاغی: ئاراس (٢٠١٤) زێودەر، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

ئیلنجاغی:ئاراس (٢٠٠٧) تەق تەق پەلکە زێرینەی کەنار زێی بچووک، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

ئەحمەد: دڵشاد (٢٠٢١) گوندی تەکەڵتوو ـ ناحیەی تەقتەق، لەم چیایە لوتی داگیرکەری بەعس شکا، گوندستانی نوێ، پاشکۆی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٨٣٥٢)،٢٠٢١/٥/٥.

المدعی صابر رسول وەسمان ١٩٨٩/٧/٨ بڵاونەکراوە.

المدعی جمعە حمد غفور: ١٩٨٩/٧/٨ بڵاونەکراوە.

قيادة قوات حماية النفط الاركان العامة الاستخبارات،1988/5/19 بڵاوکراوە.


منظومة استخبارات المنتقة الشمالية، تقرير 1988/5/18 بڵاوکراوە.

**چاوپێکەوتنەکان**

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حسێن عەلی ئەحمەد) لە ٢٠٢٢/٣/١٦.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عبدالرحمن عبداللە صالح) لە ٢٠٢٢/٣/١٦.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فؤاد قادر احمد) لە ٢٠٢٢/٣/٢٧.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (پشتیوان صدیق حمد) لە ٢٠٢٢/٣/٢٧)
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (رەمەزان حەمەد حەبیب) لە٢٠٢٢/٣/٢٧.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سەرکەوت صابر حمد) لە ٢٠٢٢/٣/٢٨.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (اکرم عولا رسوڵ) لە ٢٠٢٢/٤/١.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەسرین ئەحمەد صالح ) لە ٢٠٢٢/٤/٢.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حسنی صابر رەسوڵ) لە ٢٠٢٢/٤/٤.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( بەهرام عەزیز محەمەد) لە ٢٠٢٢/٤/٤.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عوسمان حەمەد اسماعیل) لە ٢٠٢٢/٤/٥.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هەوار قادر نامق) لە ٤/٥/ ٢٠٠٢.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هێمن محمد صاح) ٢٠٢٢/٤/٦.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەدیعە سوارە صادق) لە ٢٠٢٢/٤/١١.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (علی عبداللە حمد) لە ٢٠٢٢/٤/١٤.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (علی عبداللە حمد) لە ٢٠٢٢/٤/١٤.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کامەران جەمال حەسەن) لە ٢٠٢٢/٤/١٥.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر عوڵا فقی محەمەد) لە ٢٠٢٢/٤/١٥.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (اسماعیل ئەحمەد شەفیع) لە ٢٠٢٢/٤/٢٥.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (خاتون صابر سعید) لە ٢٠٢٢/٥/٥).
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەکرەم ئەحمەد حەمەدەمین) لە ٢٠٢٢/٥/٨.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەدالەت ڕەفعەت عبداللە) لە ٢٠٢٢/٥/١١.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( نەسرەدین سەلام سەعید) لە ٢٠٢٢111/٥/١٤
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مەحمود ڕەسوڵ حەمەدەمین) لە ٢٠٢٢/٥/١٧.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەلی ئەحمەد ڕەسوڵ) لە ٢٠٢٢/٥/٢١.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەسوەد فتاح کریم) لە ٢٠٢٢/٥/٢٦.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (تاریق شەفیق کەریم) لە ٢٠٢٢/٥/٢٨.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کاکە عەزیز مەحمود) لە ٢٠٢٢/٥/٣١.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەعفەر کاکل ئۆمەر) لە ٢٠٢٢/٥/٣١
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کاکل حمە عەلی حەمە شەریف) لە ٢٠٢٢/٥/٣١.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەتا محەمەد ئەمین) لە ٢٠٢٢/٦/١٨.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حاکم صالح کڵێسەیی ) لە ٢٠٢٢/٦/١٩.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نجم رضا محەمەد) لە ٢٠٢٢/٦/٢٤.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عارف محەمەد عارف) لە ٢٠٢٢/٦/٢٤.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەمال فتح اللە تەیب) لە ٢٠٢٢/٦/٢٩.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جواد مەلا حەمەدەمین چۆمحەیدەری) لە ٢٠٢٢/٧/١٨.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بێستون عثمان عمر مام یەحیا) لە ٢٠٢٢/٧/٢١.

## ٨. پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە ١
نەخشەی قۆناغی چوارەمی ئەنفال



سەرچاوەی ئەم نەخشەیە وەگیراوە لە ( حەمەدئەمین،١٢،٢٠١٩)


پاشکۆی ژمارە ١٢

بەڵەنامەی ڕاگەیاندنی کۆتایی قۆناغی ئەنفالی چوار



پاشکۆی ژمارە ٣

داواکاری (صابر رەسول وەسمان ) لە پارێزگای هەولێر لە١٩٨٩/٧/٨



بسم الله الرحمن الرحيم

السيد محافظ اربيل المحترم

الموضوع /

سيدي ... بتاريخ ٥/٥/١٩٨٨ قبض على اولادي وافراد اسرهم المدرجة اسمائهم ادناه من قبل السلطات العسكرية في منطقة طق طق ... ولحد يومنا هذا لا نعلم شيئا عن مصيرهم ارجو التفضل بشمولنا بمكرمات ... المناضل صدام حسين حفظه الله ورعاه ... اعلامنا عن مصيرهم ... ولكم جزيل الشكر والاحترام .

المستدعي

صابر رسول وسمان


١٩٨٩/٧/٨

الاسماء

بەڵگەنامەی بڵاو نەکراوە

پاشکۆی ژمارە ٦

داواکاری جمعە حمد غفور کە ئاراستەی پارێزگاری هەولێری کردوو بۆ سۆراخی ژن و کوڕ ومنداڵەکانی کورەکەی



السيد محافظ اربيل المحترم

الموضوع / ...

سيدي ... على افراد اسرتي المدرجة اسمائهم ادناه في منطقة طق طق من قبل السلطات العسكرية ... بتاريخ ٥/٥/١٩٨٨ ... ولحد يومنا هذا لا نعلم شيئا عن مصيرهم ... ارجو التفضل بشمولنا بمكرمات ... المناضل صدام حسين حفظه الله ورعاه ... اعلامنا عن مصيرهم ولكم جزيل الشكر والاحترام .


المستدعي

جمعة حمد غفور

١٩٨٩/٧/٨

الاسماء

**پاشکۆی ژمارە ٢ب**




ونهيب بوجود ... الترشيح في عموم منطقة عمليات انفال / ٤

... انه نعم المولى ونعم النصير

سەرچاوەی پاشکۆکانی بەڵگەنامەی (٢ ا+ب ) وەرگیراوە لە (ڕەسوڵ،٢٠٠٢، ٢٣٢-٢٣٣)


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp59-78

پاشكۆی ژمارە ٤
دەربارەی پشكنینی شاری كۆیە



سەرچاوەی ئەم بەڵگەنامەیە وەرگیراوە لە محمد مجيد: القسوة لدى صدام حسين ، عمليات الانفال البطولية، الجزء التاسع ،2009/8/6 بڵاوكراوەتەوە.
http://saddamscruelty.blogspot.com/2009/08/blog-post.html?m=1

پاشكۆی ژمارە ٥
بەشداری هەندێك لە ئەفسەرە سەربازییەكان لە پشكنینی ماڵی مستەشارەكان



سەرچاوەی ئەم بەڵگەنامەیە وەرگیراوە لە (محەمەد: ٢٠٢١،١٦٩)

---

[1]- زنجیرە چیای كێشكە: ئەم زنجیرە چیایە لە دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو باشوری رۆژهەڵات درێژدەبێتەوە، تاوەكو دەربەندی دیگەڵە، درێژیەكەی دەگاتە (١٢.٥) كم، ئەم زنجیرەیە لە شێوەی دیـوارێكی بڵنـد دایە و لاپـاڵەكانی زۆر لێـژن، بەرزایی ئەم زنجـیرەیە دەگـاتە ١٢٣٩م (سەعید،٢٠٠٨،٢٩).

[2]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشكۆكان، نەخشەی ژمارە (١).

[3]- چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (اكرم عولا رسوڵ ) لە رێككەوتی ٢٠٢٢/٤/١ لە كۆیە، ناوبراو لەدایكبوی ساڵی ١٩٥٨ گوندی كانی كوردەیە، ئێستا خانەنشیی مەدەنییە، دانیشتوی كۆیە گەڕەكی سەربەستییە.

[4]- چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (ناصح عثمان سمايل) لە رێكەوتی ٢٠٢٢/٤/٤ لە كۆیە، ناوبراو لە دایكبوی ساڵی ١٩٧٧ گوندی گۆمەشینە، كوڕە ئەنفال و دەربازبوی ئەنفالە ، ئێستا دانیشتوی كۆیە گەڕەكی زانكۆیە، پیشەی كارمەندی پۆلیسە لە بەرگری شارستانی كۆیە.

[5] - كێلگەی نەوتی تەق تەق : دەكەوێتە ١٥ كم لە باكوری خۆرئاوای شـارۆچكەی تەق تەق، ناوی پـرۆژەكە پێـنج جـار گـۆڕانكاری بەسـەر دا هـاتووە (نەوتی كەیـوان، بێژینـگ بەسـەر، نەوتی شیواشۆك، نەوتی چوار جوتیار، كێلگەی نەوتی تەق تەق ) (ئیلنجاغی،٢٠٠٧، ٣١) بەڵام لە ناو خەڵكدا هەر بە نەوتی شیواشۆك بەناوبانگە.

[6] - لە سـەر ئەو ژمارەیە لە سـەرچاوەكان ئاماری جیاواز بەرچاو دەكەوێت، میدڵ ئێسـت وۆچ ئامـاژە بە (٣٠٠) كەس دەكات، لە دواتـر یەكێـتی نیشـتمانی كوردسـتان لیسـتێكی بڵاوكردۆتەوە (١٥٤) كەسی نوسیوە ( میدڵ ئێسـت وۆچ،٢٠١٣:٢٥٤) " فەرهـاد لەتیف"كە رزگـار بویەكی ئەو رۆژەی كیمیابارانەكەیە لە كتێبەكەی بە ناوی (مێـژوی كیمیابارانكردن و ئەنفالكردنی گۆپتەپە) لە لیسـتێكدا ناوی (١٠٩) شـەهیدی كیمیـاباران و (٢٦٢) كەسی ئەنفـالكراوی تێـدا بڵاوكردۆتەوە ( لەتیف،٢٠١٧، ١٠٦ -١١٧).

[7]- چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ : (هێمن محمد صالح) لە رێككەوتی ٢٠٢٢/٤/٦ لە كۆیە، ناوبراو لە دایكبـوی سـاڵی ١٩٨٨ گوندی گۆپتەپەیە، خـاوەن (٢٦) شـەهیدی كیـابارانە، دەرچـوی بەشی فیزیای زانكۆی كۆیەیە، لە ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری فیزیا و تەكنەلۆجیای كوڕە ناوكیيەكان لە زانكۆی بێرمینگهام وەرگرتووە، ئێستاش خوێندكاری دكتۆرایە لە وڵاتی توركیا.

[8]-كانی بی: یەكێكە لە گوندەكانی دەشـتی كۆیە، لە ڕوی ئیـدارییەوە سـەر بە ناحیەی ئاشـتی یە، هاوسنورە لەگەڵ گوندی بۆگد لە رۆژهەڵات، ئەلیاسەسور لە باكور، قزلو لە رۆژئاوا و گۆپتەپە لە باشور، گوندەكە خاوەن (٣٤) كەسی ئەنفالكراوە (مەلا رەسووڵ،٩٧ ،٢٠١٥).

[9]- چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ: (هەوار قـادر نامـق) لە رێككەوتی ٢٠٢٢/٤/٥ لە كۆیە، ناوبـراو لەدایكبوی ساڵی ١٩٨٨ گوندی گۆپتەپەیە، لە خێزانەكەی باوك و دایك و برایەكی بەر كیمـاباران كەوتون، تەنها خۆی دەرچووە، لە لایەن باپیر و نەنكیەوە، باوك و دایكی باوكیەوە لە شـاری كۆیە بەخێوكراوە، تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە، ئێستا پرۆسەی هاوسەرگیری پێكهێناوە و خاوەن پێنج منداڵە، دانیشتوی كۆیە گەڕەكی ئیسكانە.

[10]- چاوپێكەوتن توێژەر لەگەڵ (علی عبداللە حمد ) لە رێككەوتی ٢٠٢٢/٤/١٤ لە كۆیە، ناوبـراو دایكبوی ١٩٦٦ ، گوندی كانیبیە، ئێسـتا دانیشـتوی گەڕەكی زانكۆیە لە كۆیە، پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی مەلای گەورەیە.

[11]- چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (خاتون صابرسعيد) لە رێككەوتی ٢٠٢٢/٥/٥ لە گوندی بۆگد، ناوبراو لە دایكبوی ساڵی ١٩٦٢ گوندی بۆگدە، ئێستا خەریكی كاری كشتوكاڵین و لە گوندی بۆگد دادەنیشن.

[12]- چـاوپێكەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (كاكە عەزیـز مەحمـود) لە ٢٠٢٢ /٥/٣١ لە كـۆیە، ناوبـراو لە دایكبوی ساڵی ١٩٥٢ گوندی بۆگدە، یەكێكە لە پیاوماقوڵەكانی دەشتی كۆیە، رۆڵی گرنگی بینیوە لە چارەسەركردنی كێشەی كۆمەڵایەتی، ئێستا دانیشتوی كۆیە، گەڕەكی ئازادی یە.

[13] - سـەبارەت بە رۆژی كۆتایی هـاتنی ئەنفالی قـۆناغی چـوار، لە زۆر سـەرچاوەدا ١٩٨٨/٥/٨ نـوسراوە، بەڵام بە پێـی بروسـكەی فەرمانـدەی فەیـلەق یەك، كە بـۆ سـەرۆكی ئەركانی سـوپای ناردووە، ١٩٨٨/٥/٧ ئەنفالی چوار كۆتایی هـاتووە، بڕوانە پاشكۆی بەڵگەنامەكان بەڵگەنامەی ژمارە (٢ +ب).

[14] - چاوپێكەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (حوسـنی سـابیر رەسـوڵ) لە ٢٠٢٢/٤/٤ لە كۆیە، ناوبـراو لە دایكبـوی سـاڵی ١٩٦٢ گونـدی كانی رەشـە، خـاوەنی چەنـدین كەسـوكاری ئەنفـالكراوە، ئێسـتا دانیشتوی كۆیە، گەڕەكی سەیران ستی یە.

[15] - چاوپێكەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (حسێن عەلی ئەحمەد) لە رێككەوتی ٢٠٢٢/٣/١٦، ناوبراو لە دایكبوی ١٩٧٢ گوندی كانی كوردەیە، خاوەن دو برای ئەنفالكراوە، ئێستا مامۆستای ئاینییە،

پێش نوێژو وتارخوێنی (مزگەوتی حاجی صدیق) ە لە فلکەی داوداوا، دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی قەندیلە.

[16] - چاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (نەسرین ئەحمەد صالح) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٤/٢ لە کۆیە، ناوبــراو لە دایکبــوی ســاڵی ١٩٦٤ گونــدی گۆمەشــینە، خــاوەن ٢٧ کەس ئەنفــالکراوە لە خانەوادەکەیان، ئێستا فەرمانبەری گرێبەستە لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی کۆیە، دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی زانکۆیە.

[17] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( بەدیعە سوارە صادق) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٤/١١ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ١٩٦٣ گوندی کانی بییە، هاوسەری ئەنفالکراوە، ئێستا کارگوزارە لە باخچەی ساوایانی شەن، دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی زانکۆیە.

[18] - مام یەحیا: ناوی تەواوی مام یەحیا عوسمان عومەر مام یەحیایە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری کۆیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٧ دەچێتە زانکۆی بەغداد، بەشی تەکنەلۆجیا تەواو دەکات، دەبێتە ئەندازیار لە پرۆژەی سەدام لە دبس، لە ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە ئەفسەر لە کەرکوك، لە ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێگای شێخ حەمە ساڵحی برای مام جەلال و بێستونی برای مام یەحیا، چەند کۆبونەوەیەك لەگەڵ مام جەلال دەکرێت، ئایا مام یەحیا بڕواتە شاخ یان لەگەڵ حکومەتی بەعس بمێنێتەوە، بەڵام مام جەلال داوای لێدەکات کە لەگەڵ حکومەتی بەعس بمێنێتەوە و فەوج وەربگرێت، بۆیە دەکرێتە مستەشاری فەوجی (٨٦) هەرچەندە فەوجەکە بە ناوی باوکی بووە، بەڵام هەر مام یەحیا سەرپەرشتی کردووە، یارمەتییەکی زۆری خەڵکی هەژار و گەنجی ڕاکردوی سەربازی و پێشمەرگەکانی سنوری کۆیەی داوە، لە ئەنفالدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندەکانی دەشتی کۆیەی ڕزگار کردووە، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بێستون عثمان عمر مام یەحیا) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٧/٢١ لە هەولێر، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٦١ شاری کۆیەیە، دەرچوی کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی موسڵە، پێشەی ئێستای یاریدەدەری هەیئەی گشتی ڕێکخستنی پێشمەرگەیە، دانیشتوی هەولێر گەڕەکی زین ستی یە.

[19] - چاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (کامەران جەمال حەسەن) لە ٢٠٢٢/٤/١٥ لە گوندی کێلە زیندان، ناوبراو لە دایکبوی گوندی کێلە زیندانە، خوێندکاری دکتۆرایە لە بواری مێژوی سەدەکانی ناوەڕاست، خاوەن ١٣ کتێبی چاپکراوە، لە نوسین و وەرگێڕان، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامییە، دانیشتوی شاری سلێمانی یە.

[20] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( نجم رضا محەمەد) لە 2022/٦/٢٤ لە گوندی کڵێسە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٤گوندی کڵێسەیە، پێشەی کاسبە، تاقانەی ئەنفالە، سێ منداڵ و خێزانەکەی لە پرۆسەی ئەنفال لە ناوچون، باوکیشی بە ناوی (رضا محەمەد) کە لەدایکبوی ساڵی ١٩١٦ بووە، لە نوگرەسەلمان کۆچی دوایی دەکات. ئێستا لە گوندی کڵێسە دادەنیشێت.

[21] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( صالح محەمەد عەلی ) ناسراو بە حاکم صالح، لە ٢٠٢٢/٦/١٩ لە کـۆیە، ناوبــراو لە دایکبــوی ســاڵی ١٩٦٧ گونــدی کڵێســەیە، دەرچــووی کــۆلێژی یاســایە، بەڕێوەبەری ناحیەی خدرانە، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی زانستە.

[22] - چاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (مەحمـود ڕەسـوڵ حەمەدەمـین ) لە ٢٠٢٢ /٥/١٧ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٣ گوندی کڵێسەیە، خاوەنی خوشك و برایەکی ئەنفالکراوە، پێشـەی کاسبە، دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی زانکۆیە.

[23] - قـاسم فـارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری، ناسراو بە قـاسمە کـۆر، لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی کۆژێی سەر بە قەزای کۆیە لە دایك بووە، سەرۆك جاشی فەوجی (٨٥) بووە، باوکیشی-فارس تاهیر مستەفا ئەویش وەك سەرۆك جاشی فەوج لە ڕۆژنامەکانی بەعس ناوی هـاتووە، قـاسم ئاغا لە پێناو پشتیوانیکردن لە جەنگی قادسیەی سەدام، پارە و زێڕیشی بەخشیووە، وەك نوێنەری پارێزگای هەولێر خـۆی کاندیـد کردووە، بۆ ئەنـدامیەتی ئەنجومەنی یاسـادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی حکومەتی بەعس، بووەتە ئەندامی خـولی حەوتەم، دەسـتی سـورە بە خـوێنی کوشـتنی سـەدان کەس، لە پرۆســەی ئەنفـالیش ڕۆڵـێکی خراپـی گێـڕاوە لە گـرتن و ئەنفـالکردنی خەڵـکی گونـدەکان، بـۆ زانیـاری زیاتـر دەربارەی تاوانەکانی قـاسم ئاغـای کـۆیە بـڕوانە : دەرسـیم پێشـەوا: ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشوری کوردستان، ل ٣٩٩- ٤١٦).

[24] - چاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (عـارف محەمەد عـارف) لە 2022/6/٢٤ لە گونـدی کڵێسـە، ناوبـراو لە سـاڵی ١٩٥٥ لە گونـدی کڵێسـە لە دایـك بـووە، پێشـەی کاسـبە، ژمـارەیەکی زۆر لە کەسوکاری ئەنفالکراوە، ئێستا دانیشتوی گوندی کڵێسەیە.

[25]- کڵێسـە جیـاواز لە هەمـو گونـدەکانی تـر لە لایەن (حاکم صـالح) کڵێسـەیی بەهـاوکاری خەڵـکی گوندەکە مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفالکراوانی گوندەکە دروستکراوە، هۆڵێکیشان بۆ گەلەری و کـۆکردنەوەی وێنە و بەڵـگەی قـوربانییەکان دروسـتکردووە، کە نەك هەر وێنـەی ئەنفـالکراوانی کڵێسـە، بەڵکـو وێنەی زۆربەی ئەنفالکراوانی دەشتی کۆیەی تێدایە، لە تەنیشت هۆڵەکەشەوە باخچەیەك هەیە، کە پەیــکەری ئەنفــالکراوان و کــێلی بێ گــۆڕی ئەنفــالکراوان بە شــێوەیەکی ئەنــدازەیی و جــوان دروستکراون، کێلەکان بە لاری دانراون و بە ڕەنگێکی سپی بۆیاخ کراون، لەسـەر هەر کێلێکیش ناوی قوربانییەکی ئەنفالکراو و نیشانەیەکی پرسیار دانراوە، کە گوزارشت لەوە دەکات بۆ بێ سەر و شوێنکردنی ئەنفالکراوەکان و چارەنوسی نادیاریان، بە جۆرێك هۆمەر محەمەد لە کتێبی (گەشتەکانی ئەنفالستان) ناوی لێناون گۆڕە بێ تەرمەکان (محەمەد،٢٠٢١،١٤٥).

[26]- لە نێـوان فلکەی داوداوا و ناحیەی ئاشـتیش لە سـەر بەرزاییەك لە ٢٠١٢/٥/٥ بنـاغەی مۆنۆمێنتێـك بـۆ سـەرجەم ئەنفـالکراوانی سـنوری قەزای کـۆیە دروسـتکراوە، سـیمبولی ئەنفـال بەرزکراوەتەوە، کە هاواری دایکێکە لە خودا دەپاڕێتەوە، بۆ ئەوەی تـۆڵەی ڕۆڵە ئەنفالکراوەکانی بـۆ بکاتەوە، (پشتیوان صدیق حمد) ئاماژە بەوە دەکات لە پرۆژەیەکی ڕێکخراوی کـۆژان بـۆ داکـۆکی لە پـرسی ئەنفـالکراوان لە ٢٠٢١/٥/٥ ناوی سـەرجەم ئەنفالکراوانی سـنوری قەزای کـۆیە، بە هەر پێنج ناحیەکەیەوە، لەو مۆنۆمێنتە بە شـێوەیەکی دیزاینکراو نوسراوە (حمد:٢٠٢٢)، مۆنۆمێنتەکە پێویستی بە خزمەتی زیاترە لە بواری دروستکردنی هۆڵێکی گەورە بۆ گەلەری و هۆڵی کارگێڕی و ، ناشتنی نەمامی زیاتر و سەوزکردنی دەوروبەرەکەی، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (پشـتیوان صـدیق حمـد) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٧ لە کۆیە، ناوبـراو لە دایکبـوی سـاڵی ١٩٨٤ گونـدی کانیبیە، پیشـەی مامۆسـتایە، سـەرۆکی ڕێکخـراوی کـۆژانە بـۆ داکـۆکی لە پـرسی ئەنفـال، دانیشـتوی کـۆیە گەڕەکی زانکۆیە.

[27] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( بەهرام عزیز محمد) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٤/٤ لە کۆیە، ناوبـراو لە دایکبوی ١٩٥٢ گوندی کانی ڕەشە، پیشە کاسب، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی سەیران ستی یە.

[28] - چـاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (عبـدالرحمن عبداللـە صـالح) ناسراو بە مەلا عبـدالرحمن لە ٢٠٢٢/٣/١٦، ناوبـراو لە دایکبـوی سـاڵی ١٩٤٧ گونـدی کانی کوردەیە، تاقـانەی ئەنفـالە، لە پرۆسـەی ئەنفال لە گونـدی کانی ڕەش، ماڵ و منداڵەکەی خـۆی و دو بـرای بە هەمـو خێزانەوە دەسـتگیر دەکرێن، کە کـۆی هەمـویان (٢٤) کەسـن، ئێسـتا دانیشـتوی کـۆیە گەڕەکی قەڵاتە، چەخماخ سازێکی کارامە و لێهاتووە.

[29] - بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

[30] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نەسرەدین سەلام سعید) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٥/١٤ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٦ گوندی گۆمەشینە، خاوەن (٥٥) ئەنفالکراوە، لە خانەوادە و خـزم و کەسوکاری، یەکێکە لە دەربازبوانی ئەنفال، ئێستا دانیشتوی کۆیە گەڕەکی زانکۆیە.

[31] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فؤاد قادر احمد) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٧ لە کۆیە، ناوبـراو لە دایکبـوی ١٩٦٩ گوندی قزڵوە، تاقـانەی ئەنفـالکراوە، (١١) کەس لە خێزانەکەی ئەنفالکراوە، (٣٧) کەسیش لە خزم و کەسوکار، پیشەی پێشمەرگەیە، ئێستا دانیشتوی کۆیە گەڕەکی هامونە .

[32] - تەکەڵتو: واتا ژێـر زیـن، پـارچەیەکی دەسـەتەچنە، لە ژێـر زینی وڵاخەبەرزە دادەنرێت، کە بە تەقەڵ دوراوە، تەکەڵ واتا گرێـی نێـوان دو شـوێنی لێکـدوری دورمـان بە سـوژن دورا بێ، ژێـر زینیش هەر بە تەکەڵ دوراوە، بونی گردۆلکەی زۆریش لە نزیك گوندی تەکەڵتو بە تەقەڵی ژێر زین چوێنراوە (هەرشەمی،٢٠٢٢،٨٤٩).

[33] - چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عمر سلێمان خورشید) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٩، ناوبـراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٨ گوندی کونەگورگە، خاوەن دو کەسی ئەنفالکراوە، ئێسـتا دانیشـتوی کـۆیە گەڕەکی چنارۆکە، پیشەی مامۆستایە لە قوتابخانەی زانست .

[34] - چـاوپێکەتنی تـوێژەر لەگەڵ (عەداڵەت ڕەفـعەت عبـدالقادر) لە ٢٠٢٢/٥/١١ لە سـلێمانی، ناوبـراو لە دایکبـوی سـاڵی ١٩٦٩ قەرەداغ سێوسێنانە، ئێسـتا ئەفسـەرە لە وەزارەتی پێشـمەرگە، دانیشتوی سلێمانی گەڕەکی بەختیاری یە.

[35] - چـاوپێکەتنی تـوێژەر لەگەڵ (عەتا محەمەد ئەمـین) لە ٢٠٢٢/٦/١٨ لە سـلێمانی، ناوبـراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٥ شاری سلێمانی یە، تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێنـدووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە، ئێستا دانیشتوی سلێمانی گەڕەکی چوارباخە.

[36] - بەلەگین : جۆرە گیایەکی سەوزە، لە زەوی نەرم و تەخت شین دەبێت، لە گوندی کونەگورگ تەختایەك هەیە ئەو گیایەی زۆر لێ دەڕوێت بۆیە پێی دەوترێت دەشتی (بەلەگین) (خورشید،٢٠٢٢)

[37] - پێشمەرگە کوژراوەکانی تیپی (١٧) زمناکۆ بریتی بون لە : ( ئەنوەر حەمەئەمین ناسراو بە ئەنوەر خەلیفە خورشید، عبدالقادر حاجی سەعید ناسراو بە قالە قڕگەیی، محەمەد غەریب حەمەئەمین ناسراو بە محەمەد دەسکەرەیی، مەناف عابد بابا ناسراو بە مەناف هەورامی، ڕێوار عومەر محەمەد ناسراو بە مامۆستا ڕێوار، هۆشیار کەریم سەعید، ئەمیر کەرکوکی، ئەحمەد حەمە عەزیز کاکە ناسراو بە ئەحمەد کوردە) (کانی پانکەیی،٢٠٠٠،٣٧).

[38] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (جەعفەر کاکل ئۆمەر) ناسراو بە جەعفەر تەکەڵتویی، لە ٢٠٢٢/٥/٣١ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٢ گوندی تەکەڵتوە، پیشەی پێشمەرگەیە، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی ئازادی یە.

[39] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (حەتەم سوارە سابیر) ناسراو بە حەتەم پەڵکانەیی، لە ٢٠٢٢/٥/١٤ لە کۆیە ، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٧ گوندی پەڵکانەیە، پیشەی پێشمەرگەیە، ئێستا دانیشتوی کۆیە گەڕەکی چوارتاقانە.

[40] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (ئەکرەم ئەحمەد حمدامین ) لە ٢٠٢٢/٥/٨ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٤٩ شاری کۆیەیە، برایەکی ئەنفالکراوە، خاوەنی کتێبخانەی هەژارە، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی فیدراڵیە.

[41] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (سەرکەوت صابر حمد) لە ٢٠٢٢/٣/٢٨ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٩ گوندی سورەقەڵایە، خاوەن نۆ کەسی ئەنفالکراوە لە خانەوادەکەیان، پیشەی مامۆستایە، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی زانکۆیە.

[42] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (جمال فتح اللـه تەیب) لە ٢٠٢٢/٦/٢٩، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٦ شاری کۆیەیە، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە مێژوی نوێ و هاوچەرخ ، مامۆستایە لە بەشی مێژو، زانکۆی کۆیە، خاوەن دو کتێبی چاپکراوە، دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی ڕزگاری یە.

[43] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (تاریق شەفیق کەریم) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٨، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٣ ی گوندی هەواوانە، پیشەی کاسبە، کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەکات، ئێستاش دانیشتوی گوندی هەواوانی خواروەە لە قەزای کۆیە.

[44] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (عومەر مەلاعوڵا فقی محمد) لە ٢٠٢٢/٤/١٥، لە گوندی کێلە زیندان، ناوبراو لە دایکبوی گوندی کانی کوردەیە، خاوەن کوڕێکی ئەنفالکراوە، پیشەی کاسبە، ئێستا دانیشتوی گوندی کێلە زیندانە.

[45] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (کاکل حمە عەلی حمە شەریف) ناسراو بە حاجی کاکل لە ٢٠٢٢/٥/٣١ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٤٠ گوندی تیمارۆکە، برایەك و چەند کەسێکی تر لە خانەوادەکەی ئەنفالکراوە، ئێستا دانیشتوی کۆیە گەڕەکی ئازادی یە.

[46] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (عەلی ئەحمەد ڕەسوڵ) لە ٢٠٢٢/٥/٢١، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٦ گوندی خەرابەیە، خاوەن دوو برا ئەنفالکراوە، ئێستا خانەنشینی مەدەنی یە، دانیشتوی ناحیەی ئاشتی یە.

[47] - گوندی خەرابە: گوندێکی کۆنە بە پێی سەفەرنامەکەی مونشی- بەغدادی بێت، کە لە ساڵی ١٨٢٠ لە تەك مستەر ریچدا ئەنجامی داوە، دو سەدە بەر لە ئەمڕۆ ئاوەدانی تێدابووە، ژمارەی ماڵەکانی (٥٠) ماڵ بووە، چوار فەرسەخ لە کۆیەوە دور بووە ( بەغدادی، ٢٠١٤:٦٢). لە ئێستادا سەنتەری ناحیەی ئاشتی یە، ژماری گوندەکانی ٢٢ گوندە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (زامدار ئەحمەد: ناحیەی ئاشتی و گوندەکانی).

[48] -چاوپێکەتنی تویژەر لەگەڵ (اسماعیل ئەحمەد شەفیع ) لە ٢٠٠٢/٤/٥، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٦٤ گوندی کانی هەنجیرە، فەرمانبەرە لە مەحکەمەی تەقتەق، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی ئیسکانە.

[49] - بۆ زانینی زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٣) .

[50] - بۆ زانینی زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٤).

[51] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (ڕەمەزان حەمەد حەبیب) لە ٢٠٢٢/٣/٢٧ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٧٢ گوندی تیمارۆکە، خاوەن دو برای ئەنفالکراوە، پیشەی پێشمەرگەیە، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی زانکۆیە.

[52] -چاوپێکەتنی تویژەر لەگەڵ ( ئەسوەد فتاح کەریم) ناسراو بە مامۆستا ئەسوەدی خەتات، لە ٢٠٢٢/٥/٢٦ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٨ شاری کۆیەیە، خانەنشینی مەدەنییە، دانیشتوی کۆیە، فیدراڵی یە.

[53] - بۆ زانیاری زیاتر براوانە: ژمارە (٥)

[54] - ئەو شەش کەسە بریتی بوونە : (دڵشاد حمید عمر، احمد حمید عمر، محمد مولود عمر، محمد حمە صالح قادر، یونس عبداللە اومر قادر، حمدامین ) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چۆنیەتی گیران و ڕمی کردنی ئەو شەش کەسە لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعس بڕوانە عەدالەت عومەر: لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە، ل١٢١ -١٣٥).

[55] - ئەم خشتەیە کاری تویژەرە، بە پشت بەستن بە ئاماری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کۆیە و سەردانی مەیدانی تویژەر بۆ زۆرینەی گوندەکان، جگە لەو گوندانەی کە یەك یان دوو ئەنفالکراویان هەیە.

[56]- چاوپێکەتنی تویژەر لەگەڵ ( عوسمان حمد اسماعیل) ناسراو بە عوسمانی حاجی حەمەبۆر، لە ٢٠٢٢/٤/٥ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٧ گوندی ئەلیاسەسورە، خاوەن چوار برای ئەنفالکراوە، خانەنشینی مەدەنییە، دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی قەندیلە.

[57] - چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (خالد احمد فقی عبداللـە) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٤/٩ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٨ گوندی بۆگدە، ئامادەیی بازرگانی کۆیەی تەواوکردووە، خاوەنی شەش کەسی ئەنفالکراوە لە خزم و کەس، ئێستا دانیشتوی کۆیە، گەڕەکی سەرباغە.

[58] - مەلا حەمەدەمین عەلی چۆمحەیدەری لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی چۆمحەیدەر لە دایك بووە، خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە، ئینجازەی مەلایەتی لە سەر دەستی مامۆستا مەلا قادری کانی دەربەندی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧١ هاتۆتە کۆیە، لە مزگەوتەکانی (تەکیەی تاڵەبانی، مەلاجامی، مزگەوتی گەورە) پێش نوێژو وتارخوێنی کردووە، لە ١٩٩٠/٢/٩بە ڕوداوی هاتوچۆ گیانی لە دەستداوە. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ (جواد مەلاحەمەدەمین چۆمحەیدەری) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٧/١٨ لە کۆیە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٠ گوندی چۆمحەیدەر، بڕوانامەی دکتۆرای هەیە، لە شەریعەتی ئیسلامی، مامۆستایە لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی کۆیە، دانیشتوی کۆیە گەڕەکی زانکۆیە.